Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. Conf-2019-08

# گرنگترین هۆکارەکانی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێردو چارەسەرکردنیان لە فیقهی ئیسلامیدا
## ژن و مێردی کورد بە نمونە

عطا أحمد مولود

زانکۆی سلێمانی // کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان // بەشی خوێندنی ئیسلامی

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

ناکۆکی نێوان ژن و مێرد، هۆکارو چارەسەر، فیقهی ئیسلامی.

***Corresponding Author***

ataahmad22@yahoo.com

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا باسی گرنگترین هۆکارەکانی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێردو چارەسەرکردنیان دەکەین لە فیقهی ئیسلامیدا/ ژن و مێردی کورد بە نمونە). تیشکێك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد، لەگەڵ دەستنیشانکردنی چارەسەر بۆیان لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامیدا بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، و فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلام ( صلى الله عليه وسلم)، و ڕای زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە لەو جێگانەدا کە پێویستە ڕایان پێشکەش بکرێت، پاڵپشت بە سەرچاوەی کۆن و نوێ، و پشکنین( الاستقراء). بەو هیوایەی ببێتە مایەی سودو کەڵك بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان، و بە تایبەتی ئەو خانەوادانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ناکۆکی کەوتوەتە نێوانیان.

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، وە درودو سەلام لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام ( محمد)، وە لە سەر گیانی یارو یاوەران و شوێنکەوتوانی بە چاکە تا ڕۆژی دوایی. پاشان:

گومانی تێدا نیە کە پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی گرنگ و بەبایەخە. مرۆڤ پێش پرۆسەی هاوسەرگیری بونەوەرێکی تەنهایە بە جۆرێك لە جۆرەکان تەکلیفەکانی سەر ژیانی سوکو ئاسانن، بەڵام کاتێك کە چووە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری بێگومان دەبێت بە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و هەنگاو بەرەو بونیادنانی ژیان و جیهان دەنێت و جێگای دەستی خۆی لە بونیادنانی کۆمەڵگەکەیدا دا دیاری دەکات. ژیانی هاوسەرگیریش بە چەندین کێشەو گرفت و ناڕەحەتیدا تێدەپەڕێت، چونکە ئەم ژیانە بۆ کاتێکی دیاریکراو نیە بەڵکو بۆ ژیانێکی هەمیشەییە دەگونجێت چەندین دەیە بخایەنێت، بۆیە هەڵگرتنی قورسی ژیان لە ژیانی هاوسەرگیریدا دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو هاوسەر (ژن و مێرد)، ئەمەش تەنها لەبەر خاتری بەردەوامی ژیانیان و دروستنەبوونی ناکۆکی و تێکنەچوونی ئەو لانەیە کە هەردووکیان بە هاوبەشی دروستیان کردووە، کە ئەمەش پێویستی بە پشودرێژی وخۆڕاگرییەکی باش هەیە لەلایەن هەردوکیانەوە. بەڵام بەداخەوە هەندێك جار ناکۆکی نێوانیان دەگاتە ئاستێك لەوانەیە چارەسەرکردنی زۆر زەحمەت بێت و بگاتە سنوری لێکترازانی ژیانی چەندین ساڵەی هاوسەرگیریان. ژن و مێردی کوردیش وەك هەموو ژن و مێردێکی دیکە لەم جیهانەدا ژیانیان بێ کێشەو ناکۆکی نیە، ژیانیان بە چەندین قۆناغی سەختی هەستیارو نامۆدا تێدەپەڕێت، بۆیە من دەمەوێت لێرەداو لە میانەی پێشکەشکردنی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی: (گرنگترین هۆکارەکانی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێردو چارەسەرکردنیان لە فیقهی ئیسلامیدا/ ژن و مێردی کورد بە نمونە). تیشکێك بخەمە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد، لەگەڵ دەستنیشانکردنی چارەسەر بۆیان لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامیدا بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، و فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلام ( صلى الله عليه وسلم)، و ڕای زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە لەو جێگانەدا کە پێویستە ڕایان پێشکەش بکرێت، پاڵپشت بە سەرچاوەی کۆن و نوێ، و پشکنین( الاستقراء). بەو هیوایەی ببێتە مایەی سودو کەڵك بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان، و بە تایبەتی ئەو خانەوادانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ناکۆکی کەوتوەتە نێوانیان. ئەوەی هانیدام بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە چەندین هۆکارە، گرنگترینیان:

١. کەمی توێژینەوە بە زمانی کوردی لەم بوارەدا.
٢. مەترسی بڵاوبونەوەی زیاتری ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد کە هەڕەشەی لێکترزانیان لێدەکات.
٣. ئاگاداربوون لەوەی کە باشترین چارەسەر بۆ ناکۆکی نێوان ژن و مێرد تەنها لە فیقهی ئیسلامیدا بەرجەستە دەبێت.

### ئامانج لە توێژینەوەکە:

١. بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگای کوردی لە مەترسیەکانی زیادبوونی ناکۆکی نێوان ژن و مێرد.
٢. خێزان بنچینەی کۆمەڵگەیە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت.
٣. خستنەڕووی ڕۆڵی بەرچاوی فیقهی ئیسلامی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ژن و مێرد.
٤. ئارەزووی توێژەر لە نوسین لەم بوارەدا بە زمانی شیرینی کوردی.

### کێشەو گرفتی توێژینەوەکە:

لە دەستپێکی نوسینی ئەم توێژینەوە تا کۆتایی هەندێك کێشەو گیروگرفتم بۆ دروست بوو بە تایبەتی دەستنەکەوتنی سەرچاوەی کوردی  کە بەداخەوە کەمتەرخەمیەکی زۆر لەم بوارەدا هەیە، ئەمەش بوو بە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم نوسینی توێژینەوەکەم وای کرد توێژینەوەکەم بە سستی بڕوات بەڕێوە.

توێژینەوەکانی پێشوو:

نوسین لە بوای ناکۆکی نێوان ژن و مێرد لە جیهانی ئیسلامیدا زۆرە بەڵام بەم ناونیشانەو بە زمانی کوردی هیچ ناونیشانێکم دەست نەکەوت هاوچەشنی ناونیشانەکەی من بێت.

### پلانی توێژینەوەکە:

سروشتی  توێژینەوەکە وا دەخوازێت لە سێ باس پێك بێت:

باسی یەکەم: ئەو هۆکارانەی کە ژن و مێرد تیایاندا هاوبەشن لە دروستبونی ناکۆکی لەگەڵ چارەسەرکردنیان.

باسی دووەم: ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە پیاوەوە هەیە لە دروستبونی ناکۆکی لەگەڵ چارەسەرکردنیان.

باسی سێیەم: گرنگترین هۆكاري ناکۆکی نێوان ژن و مێردی کورد.

## باسی یەکەم

ئەو هۆکارانەی کە ژن و مێرد تیایاندا هاوبەشن لە دروستبونی ناکۆکی لەگەڵ چارەسەرکردنیان

لەم باسەداو لە دووتوێی تەوەرەکانیدا قسە لەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکەین کە دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد، کە هەردووکیان بەیەکەوە هاوبەشن لە دروستبونیاندا ، لەگەڵ چارەسەرکردنیان. ئەم باسە لە چەند تەوەرێك پێکدێت:

### تەوەری یەکەم

### پشتگوێخستنی لایەنی جنسی

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی لایەنی جنسیە، ئیتر ئەم فەرامۆشکردنە بە بە مەبەست بێت یان جیاوازی هێزی جنسی و توانا نەبوون بێت لەسەر تێرکردنی غەریزەی جنسی بەرامبەر، ئەم هۆکارە ناکۆکی دەخاتە نێوان ژن و مێردو ئەو ژیانەیان لێ تاڵ دەکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ دروستیان کردووە، ئەمەش وا لە پیاو دەکات هەوڵی هێنانی ژنێکی تر بدات و ئەو نەقسەی کە لە ژیانیدا هەیە لە ڕێگەی ژنێکی ترەوە پڕی بکاتەوە، و بە پێچەوانەشەوە ژنیش ناچار دەکات هەوڵی خۆڕزگارکردن بدات لە دەستی مێردەکەی و داوای تەڵاقی لێ بکات و ژیانێکی تر لەگەڵ کەسێکی تردا دەستپێبکات، بۆیە پشتگوێخستنی لایەنی جنسی سەر بۆ ئەم کارەساتە دەکێشێت[1].

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

بێگومان ژیانی نێوان ژن و مێرد ساباتێکی دەروونی و غەریزەییە کە هەردووکیان وەکو یەك بەدەستی دەهێنن ، و هەر یەکەیان پێویستی بە ئەوی تریان هەیە تاوەکو بە شێوەیەکی دروست بتوانن ژیانێکی پڕ لە شایستەو پڕ لە سەربەرزی بەدەستبهێنن، چونکە ئەنجامدانی جیماعی دروست و تێرکردنی غەریزەی جنسی یەکێکە لەو کارانەی کە مرۆڤی مسوڵمان پاداشتی لەسەر وەردەگرێت. غەریزەی جنسی بە بەهێزترین پاڵنەر دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی زەواج لە نێوان مسوڵماناندا، وە خوای گەورە ئەم زەواجەی داناوە وەکو مافێك بۆ ژن و مێرد بەبێ جیاوازی تاکو مرۆڤی مسوڵمان لە حەرام و قەدەغەکراوەکاندا غەریزەی جنسی خۆی بەکار نەهێنێت چونکە مافی چێژوەرگرتن لە جیماع مەبەست و مەقسەدی زەواجە[2].خوای گەورە ئەفەرموێت[وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ]سورەتی النور: ٣٣.

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو کەسانەی ناتوانن زەواج بکەن با خۆیان لە حەرام بپارێزن تاکو ئەوکاتەی بۆیان دەگونجێت. وە ئەوکەسانەش کە زەواجیان کردووە مافی ئەوەیان هەیە چێژ لە یەکتر وەربگرن، وە نابێت پیاو زیاتر لە چوار مانگ لە ژنەکەی دوور بکەوێتەوە[3] ، چونکە قورئان نەهی لەوە کردووە، هەروەك دەفەرموێت :[ لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ] سورەتی البقره: ٢٢٦ .

بۆیە هەریەکە لە ژن و مێرد مافی چێژ وەرگرتنیان هەیە لە یەکتری وە نابێ ئەو مافە لە یەکتری قەدەغە بکەن مەگەر بەهانەیەکی شەرعی هەبێت بۆ نموونە وەکو: نەخۆشی، یان حەیز، یان نیفاس. خوای گەورە ئەفەرموێت: [ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً] سورەتی النساء: ٢٤. مەبەستی خوای گەورە لە م ئایەتە پێدانی مارەییە لەلایەن پیاوەوە بۆ ژنەکەی لە نیکاحی ڕاست و دروستدا[4] . وە هەر یەکە لە ژن و مێرد چێژ لە یەکتر وەردەگرن لە بەرامبەر ئەو گرێبەستەی زەواجەی کە ئەنجامیان داوە، بۆیە نابێت ئەم مافە شەرعیە پشتگوێ بخەن، بەڵکو زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی لە ڕووی ئاینەوە واجبە ئەو مافە جێبەجێ بکرێت[5] . زانایان ئەفەرموون پێویستە پیاو بەردەوام پەیوەندی سەرجێیی لەگەڵ خێزانەکەی هەبێت بەو ئەندازەی کە بە پاکیزەیی ڕای بگرێت و لە حەرام بەدووری بگرێت، وە واجبە پیاو بە شێوەیەکی جوان سەرجێیی لەگەڵ خێزانەکەی بکات، کە ئەم مافە سەرەکیترین مافی ژنە لەسەر مێردەکەی[6].

خێزانی عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاص شکوای حاڵی خۆی هێنا بۆ لای پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) وتی ئەی پێغەمبەری خوا مێردەکەم بەهۆی مەشغوڵبوونی بە عیبادەتەوە نزیکم نابێتەوە، پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) ناردی بە شوێنی مێردەکەیدا و پێی فەرموو: (( يا عبد الله، ألم أخبر أنك تصوم النهار وتقوم الليل؟» قلت: بلى يا رسول الله، قال: «فلا تفعل، صم وأفطر، وقم ونم، فإن لجسدك عليك حقا، وإن لعينك عليك حقا، وإن لزوجك عليك حقا))[7] .

واتە: ئەی عبداللە، ئایا پێم ڕانەگەیەنراوە کە تۆ بە ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبیت و بە شەویش شەونوێژ ئەکەیت؟ ئەڵێ: وتم بەڵێ وایە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: دەی وامەکە بەڕۆژوو بەو بەڕۆژوویش مەبە، هەستە بۆ شەونوێژو بیشخەوە، چونکە جەستەت مافی لەسەرتە، وە چاوت مافی لەسەرتە، وە ژنەکەشت مافی لەسەرتە.

ئەوەی لەم فەرموودەی سەرەوەدا بە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە مافی ژن لە پەیوەندی جنسیدا مافێکی دائیمیە لەسەر مێردەکەی تا ئەو کاتەی ژیانی ژن و مێردایەتی بەردەوام دەبێت، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە تاکو دادگەری وبەختەوەری لە نێوان ژن و مێردەکاندا بەرقەرار بکات، بۆیە پشتگوێخستنی ئەم مافە دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی و سەرەنجام دروستبوونی ناکۆکی، وە بۆ وەلاخستنی ناکۆکییەکەیان پێویستە ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێتەوە تاکو ژیانێکی گەرم وگوڕو پڕ لە چێژی ژن و مێردایەتی بەسەر بەرن.

تەوەری دووەم

لاوازبوونی خۆشەویستی لە نێوانیاندا

یەكێكی تر لە هۆكارە سەرەكییەكانی دروستبوونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرد لاوازبوونی خۆشەویستییە لە نێوانیاندا، بە لاوازبوونی خۆشەویستی ژیانی نێوان ژن و مێرد بەرەو خراپی دەڕوات، و لێبووردەیی و پێكەوە ژیان بەرەو كۆتایی هەنگاو دەنێت.

چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

خۆشەویستی كۆڵەكەیەكی بنچینەییە لە كۆڵەكەكانی بەختەوەری نێوان ژن و مێرد بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگەیەوە ژیانیان دروست بكەن، و بەردەوامی پێ بدەن، و سەعادەت و بەختەوەری بە دەست بهێنن، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: [وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ] سورەتی الروم: ٢١.

واتە: لە نیشانەكانی ئەوە خوایە كە لە ڕەگەزی خۆتان هاوسەرانێكی بۆ دروست كردوون بۆ ئەوەی لەلایاندا ئارام وئۆقرە بگرن وە خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان بەڕاستی لەوەدا نیشانانێك هەیە بۆ كەسانێك كە بیردەكەنەوە[٨]. بەڵێ ئەوە ترۆپكی خۆشەویستیە كە لە قورئاندا بە ڕوون و ئاشكرا دەبینرێت كە ئەمەش بەروبوومی دڵ و گولچی جوانی ژیان و بەختەوەری ناو خێزانە .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێك بە كورتی بخەمە ڕوو كە دەبنە هۆی مایەی دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێرد، كە بریتین لە:

یەكەم: ڕازی بوون بەو بەشەی كە خوای گەورە پێی داوەت:

لەو بەشانەی كە خوای گەورە بە مرۆڤی دەبەخشێت ئافرەتە بۆیە ئەگەر خوای گەورە ئافرەتێكی كرد بە قسمەت پێویستە لەگەڵی ڕابێیت و ڕزی بیت بەوەی ژنەكەت پێی ڕازیە چونكە ئەگەر وانەكەیت ژیانت پڕ ئەبێت لە ڕق و كینەو بوغز كە سەرەنجامەكەی پەشیمانی وئاخ هەڵكێشان هەڵوەشانەوەی ژیانی ژن و مێردایەتییە، بەڵام ئەگەر بەبەشی خودا ڕازی بیت ئەوە دەبیت بە بەختەوەرترین مرۆڤ و ژیانێكی فراوان و خۆشیەختیت دەست دەكەوێت كە هیچ قورساییەكی ژیان ناتوانێت كار بكاتە سەرت تەنانەت فەقیریش، چونكە جوانی ژیان لەوەدایە كە مرۆڤ دەرونی دەوڵەمەندو فراوان بێت پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( ليس الغنى عن كثرة العرض، ولكن الغنى غنى النفس))[٩].

واتە: دەوڵەمەندی بەزۆری سەروەت و سامان نیە، بەڵكو دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دەروونە.

دووەم: جوانی ڕەوشت:

بەرزترین ئاكار كە لە ژن و مێردا بوونی هەبێت جوانی ڕەوشتە، ژن و مێرد دەتوانن بەم ئاكارە دڵی یەكتر بۆ لای یەك ڕابكێشن. ئەو ژن و مێردەی كە بە ڕوشتی جوان وناخی پاك خۆیان بۆ یەكتری دەرازێننەوە،و ئەدەب و ئاكاری جوان لە گفتوگۆو هەڵسوكەوتیان لەگەڵ یەكتری دەكەن بە مەنهەج و پرۆگرامی ژیانیان، ژن و مێردێكی ساڵح و بەختەوەریان لێ دەردەچێت، ئەگەر چی لە ڕواڵەت و ماڵ و سامان و زانست و حەسەب و نەسەبیشدا كەموكوڕییان هەبێت. بەڵام جوانی ڕەوشت ئاكاری بەرز هەموو ئەمانەیان بۆ قەرەبوو دەكاتەوە،و لە دنیاو لەقیامەتدا ڕووسوورو سەربەرزیان دەكات[١٠] ، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( مَا شَيْءٌ أَثْقَلُ فِي مِيزَانِ الْمُؤْمِنِ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ خُلُقٍ حَسَنٍ، وَإِنَّ اللَّهَ لَيُبْغِضُ الفَاحِشَ البَذِيءِ))[١١] . واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شتێك لە تەرازووی ئیمانداردا بە ئەندازەی ڕەوشتی جوان قورستر نیە، وە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ڕقی لە مرۆڤی خراپەكارو دەم پیسە.

سێیەم: وەفا:

بوونی وەفا لە نێوان ژن و مێرد ڕەوشتێكی جوان و بەرزە، مرۆڤەكان بە درێژایی ژیانیان تووشی چەندین گۆڕنكاری و بەرزی و نزمی ژیان دێن، تووشی چەندین ناڕەحەتی دەبن، چەندین ساغ نەخۆش دەكەون، چەندین دەوڵەمەند فەقیر دەبن، چەندین دەسەڵاتدار بێدەسەڵات دەبن، وە بە تێپەڕبوونی كاتیش مرۆڤە بە هێزەكان بەرەو لاوازی و سستی دەڕۆن، بۆیە لەم كاتانەدا پێویستە ژن و مێرد وەفایان بۆ یەكتری هەبێت وكاتی زێڕینی ژیانیان لەبیر نەكەن، و پێویستە زیاتر پەیوەستی یەكتری بن، خوای گەورەش دەفەرموێت: [وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ] سورەتی البقرە: ٢٣٧. واتە: ئەو چاكەیەی كە لە نێوانتاندا بووە لەبیرتان نەچێتەوە[١٢] .

چوارەم: لێبوردەیی و نەرمو نیانی:

پێویستە پیاو لێبوردەو نەرم و نیان بێت ئەگەر هاتوو ژنەکەی هەڵەی لە بەرامبەردا کرد، وە ئەگەر ژنەکەی هات بۆ لای و داوای لێبووردنی لێ کرد پێویستە ئەویش داواکەی ڕەت نەکاتەوە و لێی ببورێت، وە پێویستە لەسەر پیاو زیاتر فراوانتر بێت و قبوڵی لێبووردەیی بکات و ڕق و کینەی خۆی وەلا بنێت. خوای گەورەش دەفەرموێت: [ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ] سورەتی آل عمران: ١٣٤

پێنجەم: دڵسۆزی:

لەسەر ژن و مێرد پێویستە دڵسۆزییان بۆ یەکتری هەبێت، چونکە دڵسۆزی یەکێکە لە هۆکارەکانی بەختەوەری، وە خوای گەورەش فەرمان بە دڵسۆزی دەکات، هەروەك دەفەرموێت:[ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ] سورەتی البينه:٥.

شەشەم: دوورکەوتنەوە لە باسکردنی هەڵەی یەکتری:

پێویستە ژن و مێرد دوور بکەونەوە لە باسکردنی هەڵەی یەکتری لەلای خەڵکی و دەبێت دان بەخۆیاندا بگرن، و هەوڵبدەن باشی چاکەی یەکتری بکەن و باسی ئەو کاتانە بکەن کە بەیەکەوەو بە جوانی گوزەراندوویانە.

حەوتەم: ڕێزو خۆشەویستی:

لەسەر ژن و مێرد پێویستە ڕێز لە خۆیان و کەس و کاری هەردوولایان بگرن، بە بەردەوامی هەواڵی کەس و کاری یەکتری بپرسن و ئاگایان لە حاڵ و ژیان و گوزەرانیان هەبێت، چونکە دوورکەوتنەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێك لە کێشە کە ڕوو لە ژیانی ژن و مێردایەتی دەکات[١٣].

هەشتەم: پەروەردەکردنی منداڵ بە هاوبەشی:

منداڵ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ژن و مێرد زیاتر پێکەوە پەیوەست دەکات. بۆیە پێویستە بەیەکەوەو بە هاوبەشی بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی هەڵبگرن. سەرەڕای ئەوەی کە باوك زیاتر لە دەرەوەی ماڵە و دایکیش زیاتر لە ماڵە بەڵام لە کۆتاییدا پەروەردەکە بە هەردووکیان تەواو دەبێت و هەردووکیان بەرپرسی یەکەمن لە ئاراستەکردنی منداڵەکانیان[١٤]. خوای گەورە دەفەرموێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا] سورەتی التحريم: ٦ .

وە پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( كلكم راع ومسئول عن رعيته، فالإمام راع ومسئول عن رعيته، والرجل في أهله راع وهو مسئول عن رعيته، والمرأة في بيت زوجها راعية وهي مسئولة عن رعيتها، والخادم في مال سيده راع وهو مسئول عن رعيته)) [١٥] . واتە: هەمووتان شوان و چاودێرن، و بەرپرسن لە ژێردەستەکانتان، وە پێشەوا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەو هاوڵاتیانی،وە پیاو لە ناو ماڵی خۆیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەکانی (ماڵ و منداڵی)، وە ئافرەت لە ماڵی مێردەکەیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەکانی ( ماڵ ومنداڵی)، وە خزمەتکار لە ماڵی گەورەکەیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەکانی.

کەواتە بۆ ئەوەی ژن و مێرد بە ئاسوودەیی بژین پێویستە یەکیان خۆشبوێت و درور بکەونەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە خۆشەویستی نێوانیان لاواز دەکات تاکو ژیانێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی وکامەرانی بەسەر بەرن.

تەوەری سێیەم

ڕۆچوون لە مارەییدا

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە لە نێوان ژن و مێرد زۆری مارەیی و ڕۆچوونە تیایدا، بەڵێ مارەیی مافێکی ژنە کە پێویستە لەلایەن مێردەکەیەوە دابین بکرێت، بەڵام کاتێك مێردەکە توانای دابینکردنی مارەییەکەی نابێت دەبێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی کێشە لە نێوانیاندا، و هەندێ جاریش ڕێگرە لە جیابوونەوەیان ( الطلاق) کاتێك جیابوونەوەیان لە یەکتر هەلبژارد.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

مارەیی مافێکە لە ئیسلامدا دانراوە بۆ ژن. ئەم مارەییە مانای کڕینی ژن نیە لەلایەن مێردەکەیەوە چونکە ژن ناکڕرێت بەڵکو پێویستە هەریەك لە ژن و مێرد ئەوە بزانن کاتێك مارەیی لە ئیسلامدا بۆ ژن دانراوە بۆ ئەوەیە بیێتە هۆیەك بۆ دروستبوونی پرۆسەی زەواج، وە کاتێك خوای گەورە ئەم مارەییەی لەسەر پیاو فەرزکردووە ئەمە تەنها بۆ ڕێزگرتنە لە ژن و سەرەنجام زۆربوونی ئولفەت و سۆزو خۆشەویستی و لێبوردەییە لە نێوان ژن و مێرددا. خوای گەورە لەسەر پێدانی مارەیی دەفەرموێت: [وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً]سورەتی النساء: ٤

. ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر واجبوونی پێدانی مارەیی بە ژن لەلایەن مێردەکەیەوە ئەگەر زۆریش بێت، چونکە مارەیی لای سەرەوەی ئەندازەیەکی نیە وسنوری بۆ دانەنراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: [ وآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا] سورەتی النساء: ٢٠ .

وشەی (قنطار)[١٦] واتە: ماڵێکی زۆر.

موفەسسیرین رای جیاوازیان لەسەر تەفسیر ی وشەی (قنطار) هەیە بەڵام باسکردنی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگ نیە بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم وشەیە بە واتای ماڵێکی زۆر دێت ئیتر ئەو زۆریە لای زانایانی تەفسیر چۆنە ئەوە شتێکی ترە .

ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ئەوەیە مارەیی کاتێك بە ژن دەدرێت کە پرۆسەی هاوسەرگیری هەنگاوە گرنگەکەی بڕی بێت کە ئەویش ڕەزامەندی هەریەکە لە ژن و مێردە لەسەر پرۆسەکە چونکە تاکو هەردوو لا ڕازی نەبن لەسەر هاوسەرگیرییەکە باسی مارەیی لە ئارادا نابێت، کەواتە مارەیی هەموو هاوسەرگیری نیە بەڵکو بەشێك و ئەندازەیەکە لە پرۆسەکە. بەڵێ ئەگەر چی لای سەرووی مارەیی سنوری نیە بەڵام باشتر وایە مرۆڤ تیایدا ڕۆنەچێت، وە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( خير النكاح أيسره)) [١٧] .

واتە: باشترین و خەیرترین هاوسەرگیری ئەوەیە کە ئاسان بێت و مارەیی کەم بێت. لەم فەرموودەدا ئەوە فەهم ئەکرێت بەرەکەتی خوا لەو جۆرە هاوسەرگیریانەدایە کە مارەیی کەمترە، وە مارەیی کەمیش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت، و ژن و مێردیش بە ژیانێکی سادەو قەناعەتە بژین.

زانایان لەسەر لای کەمی مارەیی سێ ڕای جیاوازیان:

<u>ڕای یەکەم:</u> حەنەفیەکان دەفەرموون: کەمترین مارەیی دە درهەمە یان هەر شتێك بە ئەندازەی دە درهەم بێت. بەڵگەکەیان ئەوەیە دەڵێن مارەیی دەبێت دیاری بکرێت، بۆ ئەمەش هاتوون قیاسی مارەیی دەکەن بۆسەر ئەو ڕێژەیەی کە لە دزیکردندا دیاری کراوە بۆ دەستبڕین ، وە ئەم ڕێژەیەی سەرەوە ڕێژەی نیسابی دزیکردنە، بۆیە قیاسی مارەیی دەکەن بۆسەر نیسابی دزیکردن [١٨] .

<u>ڕای دووەم:</u> مالیکییەکان دەفەرموون: کەمترین مارەیی ڕوبعە دینارێکە یان سێ درهەمە. بەڵگەکەیان ئەوەیە ئەمانیش وەك حەنەفیەکان دەڵێن مارەیی دەبێت دیاری بکرێت، بۆ ئەمەش هاتوون قیاسی مارەیی دەکەن بۆسەر ئەو ڕێژەیەی کە لە دزیکردندا دیاری کراوە بۆ دەستبڕین ، وەئەم ڕێژەیەی سەرەوە ڕێژەی نیسابی دزیکردنە لای مالیکییەکان، بۆیە قیاسی مارەیی دەکەن بۆسەر نیسابی دزیکردن[١٩] .

<u>ڕای سێیەم:</u> شافعییەکان و حەنبەلییەکان دەفەرموون: لای کەمی مارەیی سنوری نیە. ماڵێکی زۆر بێت یان کەم بێت دروستە. دەڵێن هەر شتێك دروست بێت بفرۆشرێت دروستە بکرێت بە مارەیی[٢٠] ، وە ئەم ئایەتەیان کردووە بە بەڵگە، کە دەفەرموێت: [وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ]سورەتی النساء: ٢٤.

ئەوەی لە ڕای زانایان دەردەکەوێت ڕای سێیەم بەلای منەوە پەسەندە چونکە هیچ شتێك بۆ مارەیی دیاری ناکات، ئەمەش ڕێگە بەخەڵکانێکی هەژار دەدات بە مارەییەکی زۆر کەم پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن .

بەڵام ئەوەی گرنگە لە دوای گواستنەوەی ڕای زانایان لەسەر لای کەمی مارەیی کە من لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەویش ئەوەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەداو لەم سەردەمە کێشەو مەشاکیلی زۆر لە نێوان ژن و مێرددا هەیە، وە زۆربەی کێشەکان بوونی مارەییەکی زۆرو نەدانەوەیەتی بە ژنەکان لەلایەن مێردەکانیانەوە، بۆیە زۆر پێویستە ژن و پیاو لەو جۆرە مارەییە خۆیان بەدوور بگرن تاوەکو ژیانێکی خۆش و ئاسوودە بە بێ کێشە بەسەر بەرن.

## تەوەری چوارەم

### خراپی هاوڕێیەتی و پێکەوە ژیان

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە ژن و مێرد تیایدا هاوبەشن بۆ دروستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا خراپی هاوڕێیەتی وپێکەوە ژیانە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی، بە شێوەیەك مانایەك بۆ خۆشەویستی و لێبووردەیی و پەیوەندی باشی نێوانیان ناهێڵێت، خراپی هاوڕێیەتی و پێکەوە ژیان بنچینەی دروستبوونی توندوتیژی نێوان ژن و مێردە، وادەکات بەچاوی سووك و بێ نرخ لەیەکتری بڕوانن، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی ڕووخانی ژیانی خێزانییان .

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

خوای گەورە دەفەرموێت: [ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ] سورەتی النساء: ١٩. واتە: بە جوانی لەگەڵ ژنەکانتان بژین هەم بە قسە هەم بە کردەوە [٢١].

خراپ مامەڵە کردن و توندووتیژی ئەکرێت لەلایەن ژن و مێردەوە هەردووکیان ڕوودەدات بەڵام لەلایەن پیاوەوە زیاتر ڕوو دەدات بۆیە خیتابەکە بۆ پیاوانە چونکە پیاو هەست بە گەورەیی ماڵ دەکات، و واهەست دەکات بەهۆی بوونی کۆمەڵێك سیفەتی پیاوبوون دەبێت توووند بێت، لێدەر بێت، گووفتارو کرداری تاڵ بێت بۆ ئەوەی زاڵ بێت. وە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِلنِّسَاءِ ))[٢٢] .

واتە: باشتریناتان باشترینتانە بۆ ئافرەتان. وە هەروەها پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) لە وتاری حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی: (( وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا )) [٢٣] .

واتە: ئامۆژگاری خەیری ئافرەتان بکەن .

وە زانایان لەسەر حوکمی پێکەوە ژیان و هاوڕێیەتی دوو ڕایان هەیە:

یەکەم: مالیکییەکان و شافیعییەکان و حەنبەلییەکان دەفەرموون واجبە لەسەر ژن و مێرد بەباشی لەگەڵ یەکتر ڕفتار بکەن و پێکەوە بژین، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ] ئەمە ئەمرو فەرمانی خوای گەورەیە، وە ئەسڵ لە ئەمردا بۆ واجب بوونە [٢٤].

دووەم: حەنەفییەکان دەفەرموون پێکەوە ژیانی ژن و مێرد بەباشی سوننەتەتێکی گەورەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ] دەربارەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرموون: پێکەوەژیان بەباشی بە وتەو کردەوەو ئەخلاق سوننەتێکی گەورەیە .

ئەوەی لە ئایەت و فەرموودەو ڕای زانایان دەردەکەوێت زیاتر پێویستە پیاو ڕەفتارو هەڵس و کەوت و مامەڵەی لەگەڵ ژنەکەی باش بێت، بەڵێ لەسەرەوە ئاماژەم پێدا پیاو زیاتر لەم بابەتەدا پشکی گەورەی بەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا ژنیش بەشێکە لە ژیانەکە کورد واتەنی چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت، وە ژنیش هەندێك جار بە خراپی لەگەڵ پیاو دەژی و بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بۆیە لەسەر هەریەکە لە ژن و مێردە ڕەفتارو مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر باش بکەن بۆ ئەوەی بەباشی پێکەوە بژین و ژیانێکی جوان و سەرنجڕاکێش بەسەر بەرن.

### تەوەری پێنجەم

### ون کردنی ئەمانەت و بڵاوەپێکردنی نهێنی نێوانیان

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە ژن و مێرد تیایدا هاوبەشن لە دروستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا ون کردنی ئەمانەت و بڵاوەپێکردنی نهێنی نێوانیانە، ئەمەش سەر بۆ بێ متمانەیی و سەرەنجام خیانەتی خێزانی دەکێشێت، کە دەبێتە هۆی لە بەینبردن و خاپوورکردنی ژیانی هاوسەرێتیان[٢٥].

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

پێویستە ژن و مێرد پارێزگاری لە یەکتری بکەن و نهێنی نێوانیان بۆ کەس باس نەکەن و پابەندی شەریعەتی ئیسلامی بن، و خیانەت لە ئەمانەی نێوانیان نەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ] سورە الانفال: ٢٧ .

وە پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: ((لَا إِيمَانَ لِمَنْ لَا أَمَانَةَ لَهُ، وَلَا دِينَ لِمَنْ لَا عَهْدَ لَهُ)) [٢٦] . واتە: ئیمانی نیە ئەو کەسەی کە ئەمانەتی لا نەبێت، وە دینی نیە ئەو کەسەی پەیمان و عەهدی لا نەبێت. کەواتە شەریعەتی ئیسلامی ژن و مێرد پابەند دەکات بەوەی ئەمانەتی یەکتر بپارێزن، و نهێنیەکانیان لای کەس نەدرکێنن، پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( إن من أشر الناس عند الله منزله یوم القیامه، الرجل یفضی إلی امرأته، وتفضی إلیه، ثم ینشر سرها))[٢٧].

واتە: لە خراپترین پێگەی خەڵك لەلای خودا لە ڕۆژی دواییدا، پیاوێکە لە گەڵ ژنەکەی کۆئەبێتەوە، و وە ژنەکەشی لەگەڵی کۆئەبێتەوە، پاشان نهێنی ژنەکەی بڵاوە پێدەکات .وە هەروەها لەسەر ژنیش پێویستە ئەمانەتی مێردەکەی بپارێزێت، پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ مَا يُكْنَزُ؟ الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ إِذَا نَظَرَ إِلَيْهَا سَرَّتْهُ، وَإِذَا أَمَرَهَا أَطَاعَتْهُ، وَإِذَا غَابَ عَنْهَا حَفِظَتْهُ ))[٢٨].

واتە: ئاگادارتان بکەمەوە بە باشترین شتێك کە هەڵبگیرێت و کەنز بکرێت؟ ئافرەتی چاکە کاتێك پیاوەکەی تەماشای بکات دڵخۆشی دەکات، وە کاتێك پیاوەکەی فەرمانی پێ بکات گوێڕایەڵی دەبێت، وە کاتێك پیاوەکەی لای نابێت ئەیپارێزێت و خیانەتی لێ ناکات.

کەواتە لەسەر ژن و مێرد پێویستە ئەمانەتی نێوانیان بپارێزن تاکو نێوانیان تێك نەچێت و بەیەکەوە ژیانێکی شایستە بەسەر بەرن.

### تەوەری شەشەم

### خۆتێهەڵقورتاندنی خەڵکی دەرەکی

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد هاتنە ناوەوەو خۆتێهەڵقورتاندنی خەڵکی دەرەوەی خێزانە لە خزم و کەس پیاون یان ژن، یان دراوسێ ، یان هاوەڵی پیاو، یان ژن....هتد. کە بە مەبەستی تێکچوونی ژیانیان دێنە ناویان و ژیانیان بەرەو ڕێگایەکی مەترسیدار دەبەن، و کێشەو ناکۆکییەکی زۆر دەخەنە نێوانیان کە هەندێك جار بە جیابوونەوەی نێوان ژن و مێردەکە کۆتایی دێت [٢٩].

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

شەریعەتی ئیسلامی بۆ مسوڵمان هاتووە، وە مسوڵمانیش پێویستە پابەندی پرەنسیپی ئاینی خۆی بێت و گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بێت ئەوەتا پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ))[٣٠].

واتە: لە جوانی مسوڵمانێتی مرۆڤ ئەوەیە واز بهێنێت لە شتێك كە پەیوەندی بەوەوە نیە. جوانی ئیسلامەتی بریتیە لە كەماڵیەتی مسوڵمانبوونی، وە وازهێنان لەو شتەی كە پەیوەندی بەوەوە نیە بریتیە لە كەماڵیەتی ئیمانی، ئەمەش بەواتای ملكەچبوونیەتی بۆ فەرمانەكانی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی ( صلى الله علیه وسلم). پابەندبوونی مرۆڤی مسوڵمان بە شەریعەتی جوانی ئیسلام دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم مرۆڤە دڵی بە نوری خوا شاد دەبێت، و هیچ حیقدو بوغزو رقێكی بەرامبەر بە مسوڵمان نابێت، وە هەر شتێك پەیوەندی بەوەوە نەبێت و لە ڕەزامەندی پەروەردگاریدا نەبێت ناچێت بەلایداو خۆی لێ بەدوور دەگرێت، بەڵكو لە بەرامبەر جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خوای خۆیدا خۆی بە كەمتەرخەم دەزانێت، و خۆی بە كەمو كووڕییەكانی خۆیەوە خەریك دەكات، و ناپیەرژێتە سەر كەمو كوڕی خەڵكی تر، بەڵكو بە نادروست و ناشایستەی دەزانێت كە قسەی خراپ و نەشیاوو نادروست لە نێوان خەڵكیدا بكات [٣١].

وەهەروەها پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( لا یؤمن أحدكم، حتى یحب لأخیه ما یحب لنفسه))[٣٢].

واتە: ئیمانی هیچ یەكێك لە ئێوە تەواو نابێت تاكو چی بۆ خۆی پێخۆش بێت بۆ برا دینیەكەشی پێخۆش دەبێت. كەواتە هەر یەك لە ئێمەی مسوڵمان ئەگەر تەنها كار بەم فەرمودە پیرۆزە بكەین بەسە بۆ ئەوەی ژیانی خوشك و براكانمان تێك نەدەین، چۆن پێمان خۆشە خۆمان بە كامەرانی بژین پێویستە بەهەمان شێوە پێمانخۆش بێت مسوڵمانان بەكامەرانی بژین. وە لەسەر ژن و مێرد پێویستە بەقسەی ئەم و ئەو نەكەن، و ڕێگە بە كەس نەدەن بێتە نێوانیان تاكو لە ناكۆكی بەدوور بن، و ژیانێكی پڕ لە كامەرانی و بەختەوەری بەسەر بەرن.

تەوەری حەوتەم

ئامێرە ئەلكترۆنیەكان

یەكێك تر لە هۆكارەكانی دروستبوونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرد بە كار هێنانی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكانە بە شێوەیەكی نارەواو نادروست. لەم سەردەمەدا كە بەسەردەمی جیهانگیری ناو ئەبرێت ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان لە مۆبایل و ئینتەرنێت و هەموو تۆڕەكانی تری پەیوەندی كاریگەرییەكی گەورەی نەرێنی لەسەر خێزان دروست كردووە بەتایبەت ژن و مێرد. ئەم ئامێرە ئەلیكترۆنیانە لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئیجابییان زۆرەوبۆ چەندین كاری مەشروع خێر بەكاردەهێنرێن كە لە بنچینەشدا بۆ ئەوە دروستكراوە كە مرۆڤ سودیان لێ ببینێت، بەڵام لە لایەنی سلبیش بەدەر نیە. ئەمڕۆ و لەم سەردەمەدا ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان بووە بە هۆكاری دروستبوونی چەندین كێشەو ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرد بە تایبەتی بابەتی ناپاكی خێزانی. ناپاكی خێزانی لە گەورەترین هۆكاری لەبەینبردنی ژیانی هاوسەرێتیە، ئەوەتا ڕۆژانە دەبینرێت و دەبیسترێت چەندین ژن و مێرد بەهۆی خیانەت و ناپاكی هاوسەریەوە ژیانیان لێ بووە بە دۆزەخ، چونكە ئەمە بابەتێكە لەلایەن پیاوو ژنی بە ڕەوشتەوە قبوڵكراو نیە، هیچ پیاوێكی بە ڕەوشت قبوڵی ئەوە ناكات ژنەكەی ناپاكی لەگەڵ بكات، وە هەروەها لە بەرامبەریشدا هیچ ژنێكی بە ڕەوشت قبوڵی ئەوە ناكات مێردەكەی ناپاكی لەگەڵ بكات. چونكە ناپاكی سەر دەكێشێت بۆ دروستبوونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێردو سەرەنجامیش بۆ لێكترازانیان[٣٣].

چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

شەریعەتی ئیسلامی چارەسەری بۆ هەموو كێشەیەك داناوە. شەریعەتی ئیسلامی مسوڵمان پابەند دەكات بەوەی لە خەمی خۆیی و خێزانەكیدا بێت، و نەهێڵێت تووشی لادان و هەڵدێر بێن و ئەخلاق و ڕەوشتی جوانیان تێدا بچێت، بۆ ئەوەی بەرەو نەمان و تیاچوون نەڕۆن. ئەم بەرپرسیارێتیەش دەكەوێتە ئەستۆی گەورەی خێزان، خوای گەورەش ڕوو لە گەورەو بەرپرسی خێزانەكان دەكات و دەفەرموێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا] سوره تی التحريم:٦ .

واتە: ئەی باوەڕداران خۆتان و ماڵ و منداڵتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن بە عیبادەت و ڕەوشتی جوان، و ئاماۆژگاری ماڵ و منداڵەكانتان بكەن بە پابەند بوونیان بە ڕەوشت و ئاكاری جوانی ئیسلامەتی[٣٤].

لەسەر پیاوە نەفس و دەرونی خۆی بە تاعەت چاك بكات، و ماڵ و ئەهلیشی چاك بكات هەروەك چۆن شوان و چاودێر ماڵ و ژێردەستەكانیان چاك دەكەن[٣٥].

وە پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( كلكم راع ومسئول عن رعیته، فالإمام راع ومسئول عن رعیته، والرجل في أهله راع وهو مسئول عن رعیته، والمرأة في بیت زوجها راعیة وهي مسئولة عن رعیتها، والخادم في مال سیده راع وهو مسئول عن رعیته ))[٣٦].

واتە: هەمووتان شوان و چاودێرن، و بەرپرسن لە ژێردەستەكانتان، وە پێشەوا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەو هاوڵاتیانی،وە پیاو لە ناو ماڵی خۆیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەكانی (ماڵ و منداڵ)، وە ئافرەت لە ماڵی مێردەكەیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەكانی ( ماڵ ومنداڵ)، وە خزمەتكار لە ماڵی گەورەكەیدا چاودێرەو بەرپرسە لە ژێردەستەكانی.

ئەوەی دەردەكەوێت لە تێگەشتن لە ئایەت و فەرمودەكە ئەوەیە ژن و مێرد هەردووكیان بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی ژیانی هاوسەرێتیان، وە پیاو بەرپرسیارێتی زیاتری لە ئەستۆیە.

وە بۆ ڕزگار بوون لە خراپی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان پێویستە چەند خاڵێکی گرنگ بگیرێنەبەر لەوانە:

١. چاودێریکردنی ئەو کەسەی بە خراپ بەکاریان دەهێنێت و نەسیحەت و ئامۆژگاری کردنی.

٢. بەکارهێنانی حیکمەت و ژیری لە ڕەددانەوەی کەسەکەدا، چونکە حیکمەت هۆیەکی سەرەکیە لە چارەسەر کردنی کێشەو ناکۆکیەکاندا.

٣. ئەگەر پەیوەندیەکی هەڵەیان بۆ هات پێویستە ژن و مێردەکە یەکتری لەو هەڵەیە ئاگادار بکەنەوە تاکو نەکەونە داوی کاری خراپەوە

٤. پەروەردەی ئیسلامی وا لە مرۆڤ دەکات بەشێوەیەکی شیاوو دروست ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بەکار بهێنێت[٣٧].

کەواتە پێویستە ژن و مێرد خۆیان لە هەڵەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان بپارێزن، و پارێزگاری لە ژیانی هاوسەرێتیان بکەن ، و هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکەن کە شەریعەتی ئیسلامی لەسەری داناون تاوەکو ژیانێکی بەختەوەرو ئاسودە بەسەر بەرن.

تەوەری هەشتەم

گوێ پێنەدان ( النشوز)

یەکێکی تر لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد گوێ پێنەدانە ( النشوز). با بزانین گوێ پێنەدان بە واتای چی دێت.

پێناسەی گوێ پێنەدان ( النشوز) لە زمانەوانی و زاراوەدا وشەی (النشوز) کۆی ( النشز) ە ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای جیگەیەك دێت کە لە زەوی بەرز دەبێتەوە وەك: تەپۆلکەو گرد و شاخ[٣٨]. لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەم وشە کراوە وەك دەفەرموێت: [وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا] سورەتی البقرە: ٢٥٩ .

پێناسەی یاخی بوون ( النشوز) لای زانایان بریتیە لە: گوێ پێنەدانی هەر یەکە لە ژن و مێردە بەوی تریان، و جێبەجێنەکردنی پێداویستیەکان، و هەڵنەستان بە ئەنجامدانی ئەو مافانەی کە لەسەریەتی[٣٩].

ئەوەی لە پێناسەی زانایان بۆ گوێ پێنەدان ( النشوز) دەردەکەوێت ، ئەوەیە یاخی بوون ئەکرێت لەلایەن پیاوەوە بێت، وە ئەکرێت لەلایەن ژنەوە بێت، وە ئەکرێت پەیوەندی بە هەردووکیانەوە هە بێت.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

بەوەی کەوا گوێ پێنەدان ( النشوز) لەلایەن پیاو، یان لەلایەن ژن، یان لەلایەن هەردوکیانەوە ڕوودەدات، چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەم بۆ ٣ حاڵەت پۆلێن کردووە:

حاڵەتی یەکەم: چارەسەرکردنی گوێ پێنەدانی مێرد.

خوای گەورە دەفەرموێت: [ وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا] سورەتی النساء: ١٢٨ . واتە: ئەگەر ژنێك ترسا لە گوێ پێنەدان یان پشت هەڵکردنی مێردەکەی ئەوە هەردووکیان هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە کە ئاشتەواییەکی چاك بکەن لە نێوان خۆیاندا هەر ئاشتەوایی و یەککەوتن چاکترە هەرچەندە چروکی و ڕەزیلی تێکەڵاوی دەرونەکان کراوە وە ئەگەر چاکەکارو پارێزکار بن ئەوە دڵنیا بن بەڕاستی خوا هەمیشە بە ئاگایە لەوەی کە دەیکەن[٤٠].

خوای گەورە لەم ئایەتەدا چارەسەری گوێ پێنەدانی پیاو بەرامبەر ژنەکەی دەخاتە ڕوو. ئەگەر ژن ترسا لەوە ی مێردەکەی سەرجێی لەگەڵ ناکات، یان ڕووی لێگرژ دەکات و پشتی تێدەکاتن یان بە کەمی لەگەڵی دادەنیشێت و قسەی لەگەڵ ناکات، خۆشەویستی بۆ دەرنابڕێت، یان نەفەقەی ناکێشێت و جل و بەرگ و پۆشاکی بۆ جۆر ناکات، یان بەجۆرێك لە جۆرەکان ئازاری ئەدا، لەم حاڵەتەدا ژنەکە ئەتوانێت لە هەندێك مافی خۆی کە لەسەر مێردەکەیەتی خۆش ببێت بۆ خاتری ئەوەی ئاشتەوایی بکەن و لێك جیا نەبنەوە[٤١].

حاڵەتی دووەم: چارەسەرکردنی گوێ پێنەدانی ژن:

خوای گەورە دەفەرموێت: [وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ] سورەتی النساء: ٣٤ . واتە: ئەو ئافرەتانەی کە ئێوە دەترسن گوێتان پێنەدەن و سەرپێچیتان بکەن ئەوە ئامۆژگاریيان بکەن و جێگەيان لێ جیابکەنەوە و لەگەڵیان مەخەون و لێیان بدەن ( لێدانێك كە لەشی عەیبدار نەکات)[٤٢].

خوای گەورە چارەسەری گوێ پێنەدانی ژنی بە سێ قۆناغ داناوە:

قۆناغی یەکەم: ئامۆژگاری کردن ( الوعظ).

قۆناغی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی گوێ پێنەدانی ژن ئامۆژگاریکردنیەتی لەلایەن مێردەکەیەوە، وە پێویستە ئامۆژگاریەکە ئامۆژگارییەکی چاك و شیرین بێت،خوای گەورە دەفەرموێت: [ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ] سورەتی النحل: ١٢٥. . واتە: خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین[٤٣].

پێویستە لەسەر پیاو ئامۆژگاری ژنەکەی بکات بە ئامۆژگارییەکی چاك بەوەی کە خێرو باشی ئەوی دەوێت و ئەیەوێت لە شەڕو خراپە بەدووری بگرێت، وە پێویستە لە سزای خوا ئاگاداری بکاتەوە لە سەرپێچیکردنی مێردەکەی چونکە خوای گەورە گوێڕایەڵیکردنی مێردی لەسەر ژن واجب کردووە، و سەرپێچیکردنی مێردی لەسەر ژن قەدەغەو حەرامکردووە[٤٤]. چونکە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( لَوْ كُنْتُ آمِرًا أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِغَيْرِ اللَّهِ، لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَا تُؤَدِّي الْمَرْأَةُ حَقَّ رَبِّهَا حَتَّى تُؤَدِّيَ حَقَّ زَوْجِهَا، وَلَوْ سَأَلَهَا نَفْسَهَا وَهِيَ عَلَى قَتَبٍ لَمْ تَمْنَعْهُ ))[٤٥].

واتە: ئەگەر فەرمانم بکردایە بە کەسێك کڕنووش بۆ غەیری خوا ببات، ئەوا فەرمانم بە ژن دەکرد کڕنووش بۆ مێردەکەی ببات، سوێند بەو زاتەی نەفسی محمدی بەدەستە، ژن مافی پەروەردگاری جێبەجێ ناکات تاکو ئەو کاتەی مافی مێردەکەی جێبەجێ دەکات، وە ئەگەر مێردەکەی داوای سەرجێیی لێ بکات و ژنەکە لەسەر وشتر بوو نابێت ڕێگری لەو داوایەی بکات. کەواتە پێویستە پیاو بە وتەی جوان ئامۆژگاری ژنەکەی بکات و بە ڕفتاری باش لەگەڵیدا هەڵس وکەوت بکات بۆ ئەوەی ژنەکەشی گوێڕایەڵی بکات، و لەفەرمانەکانی دەرنەچێت.

قۆناغی دووەم: دورکەوتنەوە لە ژنەکەی لە جێگەی نوستندا ( الهجر في المضجع).

لە دوای ئەوەی ژنەکەئامۆژگاری وەرنەگرت قۆناغی دووەم دەستپێدەکات کە ئەویش دورکەوتنەوەی مێردەکەیەتی لە جێگەی نوستنەکەیاندا.

زانایانی لەسەر چۆنێتی دورکەوتنەوەی پیاو لە ژنەکەی دوو ڕایان هەیە:

ڕای یەکەم:

ڕای جمهوری زانایانی حەنەفیەکان، و مالکیەکان، و شافعیەکان، و حەنبەلیەکانە لە ڕیوایەتێکدا، کە ئەفەرموون: دورکەوتنەوەی پیاوە لە لەسەر جێگەی نوستن و خەوتن لەگەڵیدا[٤٦].

ڕای دووەم:

ڕای حەنبەلیەکانە لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئەفەرموون: وازهێنانە لە قسەکردن لەگەڵیدا، نەك وازهێنان بێت لە سەرجێی کردن لەگەڵی[٤٧].

ئەوەی ڕای پەسەندە ئەو ڕایەیە کە جمهوری زانایانی لەسەرە کە بریتیە لە هەجرکردنی ژنەکەی لە جێگەی نوستنەکەیاندا و پشت تێکردنی و سەرجێیی نەکردن لەگەڵیدا و قسەنەکردنە لەگەڵیدا . وە نابێت ئەم هەجر کردنە لە بەرچاوی منداڵەکانیان بێت بۆ ئەوەی ئاسەواری خراپە لە دەرونیاندا دروست نەبێت، وە ناشبێت لەبەرچاوی خەڵکیشدا هەجری بکات، بەڵکو ئەوەی کە ڕوون و دیارە تەنها ئەوەیە هەجرکردنەکە دەبێت لەجێگەی نوستنەکەیان تێنەپەڕێت.

قۆناغی سێیەم: لێدان ( الضرب).

لە دوای ئەوەی ژنەکە بە ئامۆژگاری و هەجرکردنی کێشەکەی چارەسەر نەکرا قۆناغی سێیەم و کۆتایی دەستپێدەکات ئەویش لێدانیەتی لەلایەن مێردەکەیەوە .

سەبارەت بە حوکم وسیفەتی لێدانەکە زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە لێدانەکە ڕێگە پێدراو ( مباح)ە و مەبەستیش لێی ئاقڵکردن و تەئدیبە نەك لێدانێکی تیابردن بێت[٤٨]. ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی چەندین فەرمودە هاتووە لەوانە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( لا یجلد أحدکم امرأته جلد العبد، ثم یجامعها في آخر الیوم ))[٤٩] واتە: با کەسێك لە ئێوە نەدا لە ژنەکەی بە لێدانی بەندە، و پاشان لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا لەگەڵی بخەوێت و سەرجێی لەگەڵ بکات.

فەرمودەکە بەڵگەیە لەسەر دروستی لێدانی بەندە بە لێدانێکی توند، وە هەروەها ئاماژەیە بۆ لێدانی ژن بە لێدانێکی کەمتر لە لێدانی بەندە، وە ئەوەش ڕوون دەبێتەوە لێدانی توندو سەرجێی کردن بە یەکەوە کۆنابنەوە، چونکە سەرجێی کردن کاتێك دەگونجێت کە دەروون ئارەزوی بکات، بەڵام ئەگەر ژن بە توندی لێی بدرێت ئەوا بە تەنها مانەوەی لەو ماوەیەدا پێ قبوڵە بۆ ئەوەی بێتەوە سەرخۆی، نەك ئارەزووی سەرجێی بکات.

وە هەروەها پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ))[٥٠] واتە: لێیان بدەن بە لێدانێکی ناتوندو تیژ کە ئازاری نەدات و عەیبداری نەکات.

ئیبن عەبباس تەفسیری لێدانی ناتوندوتیژ ( غیر المبرح) ی بە سیواك و وێنەی سیواك کردووە[٥١].

پاشان سەبارەت بە حوکمی ڕیزبەندی ئەدەبدادانی ژن هیچ ڕاجیاوازیەك لەناو زانایاندا نیە لەوەی ڕێگەی ئەدەبدادانی ژن لەکاتی نشوزیدا تەنها بریتە لە: ئامۆژگاریکردن، و هەجرکردنی لە جێگەی نوستنیدا، و لێدانی ناتوندەتیژ.

بەڵام لەسەر حوکمی ئەم حاڵەتانە ڕای جیاوازیان هەیە، ئایا بە پێی ئەو تەرتیبەیە کە لە ئایەتەکەدا هاتووە یان نا. دەبن لە دابەش دەبن بۆ دوو مەزهەب:

مەزهەبی یەکەم:

دەفەرمون تەرتیب و ڕیزبەندی لە نێوان حاڵەتەکانی ئەدەبدانی ژندا واجبە، نابێت هەجر بکرێت تاکو پێشتر ئامۆژگاری نەکرابێت، وە نابێت لێی بدرێت تاکو پێشتر ئامۆژگاری و هەجر نەکرابێت. ئەم ڕایە ڕای هەریەکە لە مەزهەبی حەنەفیەکان و مالکیەکان و شافعیەکان لە وتەیەکدا و حەنبەلیەکانە[٥٢].

بەڵگەکەیان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: [وَاللاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ] سورەتی النساء: ٣٤.

وەجهی دیلالە لە ئایەتەکەدا لەخۆگری فەهمەیە: دەفەرموێت ئەو ژنانەی کە ئێوە دەترسن گوێتان پێنەدەن و سەرپێچیتان بکەن ئەوە ئامۆژگاریان بکەن، ئەگەر هەر گوێیان پێنەدان و سەرپێچییان کردن جێگەیان لێ جیابکەنەوە و لەگەڵیان مەخەون، ئەگەر هەر سور بوون لەسەر گوێپێنەدان و سەرپێچی لێیان بدەن. حاڵەتەکان بۆ تەعقیبن نەك جەمع[٥٣].

مەزهەبی دووەم:

دەفەرمون لەدوای دەرکەوتنی گوێپێنەدان و سەرپێچی هیچ تەرتیب و ڕیزبەندییەك لە نێوان هەجرو لێداندا نیە، بەڵکو بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە، جا بۆ پیاوەکە دروستە لەگەڵ هەجر کردنەکەدا لێیشی بدات. ئەم ڕایە ڕای پەسەندی شافعیەکانە[٥٤].

بەڵگەکەیان ڕووکەشی ئایەتەکەیە کە دەفەرموێت: [وَاللاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ] سورەتی النساء: ٣٤ . کە داخوازی جەمع دەکات لە نێانیاندا[٥٥].

حاڵەتی سێیەم: چارەسەرکردنی گوێ پێنەدانی ژن و مێرد هەردوکییان.

خوای گەورە دەفەرموێت [وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ]سورەتی النساء: ٣٥ .

واتە: ئەگەر ترسان لە تێکچونی نێوانیان ( ژن و مێرد) ئەوا ناوبژیوانێك بنێرن لە خزمی پیاوەکە و ناوبژیوانێك لە خزمی ژنەکە ئەگەر دوو ناوبژیوانەکە ئاشتییان بوێت خوا نێوان ژن و مێردەکە چاك دەکاتەوە بەڕاستی خوا هەمیشە زانای ئاگادارە[٥٦].

ئەوەی لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت خوای گەورە تەنها باسی إصلاح و چاکسازی کردووە، ولە بەرامبەردا باسی جیابوونەوەی نەکردووە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێویستە هەردوو ناوبژیوانەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بەیەکیان بگەیەننەوەو لەیەك جیانەبنەوە، چونکە جیابوونەوە دەبێتە هۆی ڕووخانی ماڵ، و پەرتەوازبوون منداڵ، کە ئەمەش پێویستە ڕێگری لێ بکرێت تاکو ژیانیان تێکنەچێت و برۆنەوە سەر ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان[٥٧].

باسی دووەم

ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە پیاوەوە هەیە لە دروستبونی ناکۆکی لەگەڵ چارەسەرکردنیان

لەم باسەداو لە دووتوێی تەوەرەکانیدا قسە لەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکەین کە دەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد کە پیاوەکە هۆکارە بۆ دروستبوونیان، لەگەڵ چارەسەرکردنیان. ئەم باسە لە چەند تەوەرێك پێکدێت:

تەوەری یەکەم

نەفەقە نەکێشانی ژن لەلایەن مێردەکەیەوە

لەو هۆكارانەی كە سەردەكێشن بۆ دروستبوونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرد ئەوەیە مێردەكە هەڵنەستێ بە نەفەقەكێشان و مەسروفاتی ژنەكەی بەشێوەیەك كە ژیانی ڕۆژانەی وەكو پێویست پێ دابین بكات، كە ئەمەش سەردەكێشێت بۆ دروستبوونی بێئومێدی و بێهیواییەكی زۆر، و سەرەنجام پشێوی دەرونی وروژاندنی تورەیی و هەستكردن بە نوقسانی ژنەكە لەبەرامبەر مێردەكەیدا، لە بەرامبەریشدا ژنەكە هەڵدەستێ بە تۆڵەسەندنەوە لە مێردەكەی لە ڕێگەی نانەوەی ئاژاوەو ناكۆكی كە سەردەكێشێت بۆ ناجێگیری لەو ماڵەدا، و سەرەنجام دروستبونی فیتنەو دوبەرەكی كە وادەكات ماڵەكە ببێت بە دۆزەخێك ژنەكە نەتوانێت لەگەڵ مێردەكەیدا ژیان بباتە سەر.

چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

نەفەقەی ژن لەسەر مێردەكەی واجبە. بەڵگەی واجب بونی نەفەقەی ژن لەسەر مێردەكەی بە قورئان و سووننەت و إجماعی زانایان جێگیر بووە[٥٨]:

یەكەم: بەڵگە لە قورئانی پیرۆز: خوای گەورە دەفەرموێت: [لِيُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنْفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلا مَا آتَاهَا]سورەتی الطلاق:٧ واتە: با دەوڵەمەند بەپێی دەوڵەمەندی نەفەقە بدات وە هەركەسێك كەمدەست و هەژار بوو با بەپێی ئەوەی كە خوای پێی داوە نەفەقە بدات خوا داوا لەكەس ناكات مەگەر بەپێی ئەوەی كە پێی داوە[٥٩].

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت[قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ ]سورەتی الاحزاب: ٥٠.

واتە: بەڕاستی ئێمە دەزانین چیمان پێویست كردووە بەسەر ئیمانداران دەربارەی هاوسەرەكانیان و كەنیزەكەكانیان[٦٠].

دووەم: بەڵگە لە سوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم): (( اتقوا الله في النساء، فإنكم أخذتموهن بأمان الله، واستحللتم فروجهن بكلمة الله، ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف))[٦١].

واتە: تەقوای خواتان هەبێت لە ژنەكانتان، بەڕاستی ئێوە بە ئەمانەتی خوا وەرتان گرتووە، وە بە وشەی خوا بۆتان حەڵاڵ بوون، وە شێوەیەكی جوان و باش ڕزق و پۆشاكیان لەسەر ئێوەیە. لەم فەرمودەدا هاندانی تێدایە بۆ ڕیعایەتكردنی مافی ژنان، و ئامۆژگاری كردنی پیاوان بەرامبەریان، بەشێوەیەكی باش ژیانیان لەگەڵدا ببەنە سەر[٦٢].

وە لە دایكی ئیماندارانەوە عائیشە ( ڕەزای خوای لەسەر بێت): (( أن هند بنت عتبة، قالت: يا رسول الله إن أبا سفيان رجل شحيح وليس يعطيني ما يكفيني وولدي، إلا ما أخذت منه وهو لا يعلم، فقال:خذي ما يكفيك وولدك، بالمعروف))[٦٣].

واتە: هندی كچی عوتبە، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بە ڕاستی ئەبوسوفیان پیاوێكی زور ڕەزیلە ئەوەندەم لە ماڵ پێنادات كیفایەتی من و كوڕەكەم بكات، بەڵام من لێی ئەبەم و ئەو پێی نازانێت، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) فەرموی: بە باشە ئەوەندەی كیفایەتی خۆت و كوڕەكەت دەكات لێی ببە.

ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە ژن لە ماڵی مێردەكەی ببات بۆ تەكمیلەی نەفەقەقەكەی، وە هەروەها دروستە هەموو نەفەقەكەی ببات لەكاتی ڕێگری لێكردنی[٦٤].

سێیەم: بەڵگەی إجماع: زانایان كۆكن لەسەر ئەوەی نەفەقەی ژن لەسەر مێردەكانیان واجبە جگە لەو ژنەی كە لە ژنەی كە گوێ بە مێردەكەی نادات ( ناشز)[٦٥].

ئەوەی دەردەكەوێت لە بەڵگەكانی قورئان و سوننەت و إجماع، ئەوەیە واجبە لەسەر مێرد نەفەقەی ژنەكەی بكێشێت، و نابێت كەمتەرخەمی تێدا بكات، چونكە كەمتەرخەمی لە نەفەقەكێشان كەلێن لەژیانیاندا دروست دەكات، جا بۆ ئەوەی ژیانێكی ئاسودە بەسەر بەرن پێویستە مێرد وەكو پێویست نەفەقەی ژنەكەی بكێشێت و نەهێڵێت لەو ڕێگایەوە ناكۆكی بكەوێتە نێوانیان.

تەوەری دووەم

دادگەری نەكردن لە كاتی بونی چەند ژنیدا

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی دروستبونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرد ئەوەیە كاتێك مێردەكە زیاتر لە ژنێك دەهێنێت و دادگەری لە نێوانیاندا دروست ناكات و مافە تایبەتەكانیان جێبەجێ ناكات. بەمەش ناكۆكی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

چەند ژنی لە ئیسلامدا ڕێگە پێدراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت[فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ] سورەتی النساء: ٣ . واتە: مارە بكەن لەو ئافرەتانەی حەڵاڵن بۆتان دوو دوو یا سیان سیان یا چوار چوار[٦٦]. بەڵام ئەم چەند ژنیە بەو مەرجە ڕێگەپێدراوە ئەبێت دادگەری لە نێوان ژنەكاندا

بکرێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: [ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً ] سورەتی النساء: ٣. واتە: جا ئەگەر ترسان دادگەر نەبن ئەوا یەك ئافرەت مارە بکەن (لە ئافرەتە ئازادەکان)[٦٧].

کەواتە دادگەری مەرجی بنچینەیە بۆ رێگەدان بە چەند ژنی. مەبەست لە دادگەری لە نێوان ژنەکان هەروەك زانایان فەرمویان بریتیە لە : یەکسانی لە دابەشکردنی حەق و مافەکانیان واجبە، وەك: ( نەفەقە، و بەرگ و پۆشاك، و سەفەرکردن، و شوێنی مانەوە، و لە هەموو شتێکی دیارو ئاشکرا کە بگونجێت دادگەریان تێدا بکرێت)[٦٨]. وە پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (( مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَى إِحْدَاهُمَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِل ))[٦٩]. واتە: هەرکەس دوو ژنی هەبوو مەیلی دا بەلای یەکێکیاندا، لە ڕۆژی قیامەتدا کە دێت بەخواری دێت.

بەڵام مەیلی دڵ ڕێگەپێدراوە بەلای کام ژنەیدا بێت کە زیاتر خۆشی دەوێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: [وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا] سورەتی النساء: ١٢٩. واتە: ئێوە هەرگیز ناتوانن دادپەروەر بن لەنێوان ژنەکانتاندا هەرچەندە سور بن ( هەوڵ بدەن) جا کەواتە بە تەواوی خوار مەبنەوە ( لەهاوسەری یەکێکیان) بەو هۆیەوە وازبهێنن لەوی تریان وەك هەڵبەستراو ( نە ئەوەیە مێردی هەبێت نە بەرڵاش کرابێت) وە ئەگەر بسازێن و پارێزکار بن ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە لێبوردەی میهرەبانە[٧٠].

مەبەست لێرەدا مەیلی خۆشەویستی و سەرجێی و بەشی دڵە[٧١].

کەواتە ئەوەی ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە واجبە پیاو دادگەری لە نێوان ژنەکانیدا بکات لەو شتانەی کە زاهیرو ئاشکرایە، بەڵام مەیلی دڵ لۆمەی لەسەر نیە و دادگەریشی تێدا نەکرێت ئاساییەو ڕێگە پێدراوە. بۆیە پێویستە کاتێك پیاوێك ویستی لە ژنێك زیاتر بهێنێت واجبە لەسەر دادگەری بکات لەنێوانیاندا لە نەفەقە،و بەرگ و پۆشاك، و جێگەی مانەوە، و وێنەی ئەمانە، بۆ ئەوەی ناکۆکی نەکەوێتە ناو ژیانیانەوەن وە بۆ ئەوەی بەئاسودەیی ژیانێکی خۆش بەسەر بەرن.

### تەوەری سێیەم

### دەستکورتی

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد دەستکورتیو نەداری مێردە، چونکە مرۆڤ پێویستی بە تێرکردنی ئارەزووکانیەتی لە پێداویستی ڕۆژانە ودەستکورتیش یەکێکە لە ڕێگرەکانی هێنانەدی ئەو پێداویستیانە، چونکە لایەنی ماددی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەم و کوورییەکانی ژیان لە نەفەقەو مارەیی و جێگەی حەوانەوەی ژن و مێرد، بۆیە ئەگەر مێردەکە وەکو پێویست نەیتوانی لە ڕووی ماددیەوە مافی ژن دابین بکات ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی دروستبونی ناکۆکی لە نێوانیاندا.

### چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە فیقهی ئیسلامیدا:

ئیسلام هەروەك چۆن چارەسەری بۆ هەموو ناکۆکیەکانی نێوان ژن و مێرد داناوە بێگومان چارەسەریشی بۆ ئەم بابەتەش داناوە ئەویش پێدانی ماڵی زەکاتە بە پیاو بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەی ئەم زەکاتەوە ژیانی ژنەکەی خۆش بکات و ناکۆکیەکانیانی پێ چارەسەر بکات، چونکە زەکات فەقیر لادەبات، وەئەگەر فەقیری لاچوو ناکۆکی لادەچێتن وە فەقیریش یەکێکە لەو تاقمەی کە پێویستە زەکاتی پێ بدرێت هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت [إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ]سورەتی التوبە: ٦٠.

لە حیکمەتی پێدانی زەکات لە ئیسلامدا ئەوەیە مرۆڤی مسوڵمان هەست بە پەیوەندیەك دەکات بەرەو لای برا مسوڵمانەکەی ڕایدەکێشێت، چونکە هەست بە ئازارو نارەحەتی و کەم و کورتیەکانی دەکات، بەهۆیەوە دڵی بۆی نەرم دەبێت و سۆزو عەتفی بۆی دەجوڵێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ماڵەی کە خوای گەورە پێیداوە بە دەروونێکی فراوان، و بە ڕەزامەندییەکی تەواو، و بە دڵێکی پڕ لە ئیمانەو پێی بدات[٧٢]. وە لە حیکمەتی زەکاتدان جیاوازی نێوان خەڵکیە لە ڕزق و بەخششەکانی خوای گەورە و بەدەستهێنانی دەستکەوت و سەروەت و سامان، کە هەندێك لە خەڵکی خاوەنی سەروەت و ماڵن وە هەندێکی تریش سەروەت و ماڵیان کەم و کەمترە، هەروەك خوای گەورە دفەرموێت: [وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ] سورەتی النحل: ٧١. واتە: خوای گەورە باوی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتاندا لە پێدانی ڕۆزیدا[٧٣]. کە ئەمەش لە شەریعەتی خوای گەورەدا پێویستی بە عیلاج و چارەسەرە. چارەسەرەکەشی ئەوەیە ئەو ماڵەی کە خوا داویەتی بە دەوڵەمەند دەبێت بە واجبی بیدات بە فەقیر ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: [وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ] سورەتی الذاريات: ١٩. . واتە: لە ماڵ دارایییاندا ماف هەیە بۆ هەژاری داواکەرو داوانەکەر[٧٤].

فەریزەی زەکات یەکەم هۆکارە بۆ چارەسەری ئەو جیاوازیە، و بەدەستهێنانی زامنی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا[٧٥].

کەواتە ئەوەی ڕوون دەبێتەوە زەکات فەرزە، وە پێویستە مسوڵمانە خواپێداوەکان بەواجبی ماڵەکانیان لەڕێی زەکاتەوە بدەن بە خانەوادە فەقیرەکان تاکو ئەوانیش بتوانن ژیانێك خۆش و کامەرانی و دور لە کێشەو ناکۆکی بەسەر بەرن.

باسی سێهەم: گرنگترین هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان ژن و مێردی کورد:

گومانی تێدا نییە ئەو هۆکارانەی باسمان کردن گشتین و تایبەت نین بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە، هەر بۆیە گشتیان لە کۆمەڵگەی کوردیشدا دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت، هەرچەند دەکرێ ڕێژەکە لێرە یان لەوێ جیاوازی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرفتەکانی کۆمەلگەی کوردی قوڵتر کردۆتەوە دەکرێت چڕ بکرێتەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوە-:

١. بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی چاولێکەرە و حەز بە لاسایی کردنەوە دەکات، هەر بۆیە زۆرێك لەو داب و نەریت و ئاکارە نەشیاوو نەگونجاوو دژانەی ئاینی ئیسلام کە لە ڕێی ڕاگەیاندن و نێتەوە دەبیرنێن هەر زوو بڵاودەبنەوە لەنێو خێزانی کورددا ئەمەیش وا دەکات گرفت لە نێوان ژن و مێردا دروست بێت.

٢. نەبوونی سانسۆر و کۆت و بەند لەسەر میدیا و بڵاوکراوەکان، بە جۆرێك دەبینین لە کوردستاندا دەیان کەناڵ هەن کە دور لە هەموو بەها باڵاکان کار دەکەن و ئاڵقە و بەرنامەی نەشیاوو دور لە دابی کۆمەڵگە بڵاو دەکەنەوە، بە جۆرێك دەتوانین ناوی بنێین پاشاگەردانی کە لە هیچ وڵاتێکی دونیادا ئەم دارمانە ڕەوشتیە بەم جۆرە ئاسانکاری بۆ ناکرێت، ئەمەش وا دەکات خێزانی کورد بەرگریی لاواز بێت و توشی چەندین گرفت و قەیران ببێتەوە.

٣. هەوڵدانی دەسەڵات بۆ نەهێشتنی بەهاکان و ڕێز و پایە و پێگەی خێزان، بە جۆرێك بە دەیان ڕێگەی جیاواز و پڕۆژە و پلان کار لەسەر نەهێشتنی پێگەی خێزان و هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونی شیرازەکەی دەکرێت.

٤. زاڵبوونی هەژموونی ڕێکخراوە فیمەنیستییەکان بەسەر دامەزراوە فەرمییەکان و دەرکردنی کۆمەڵێك یاساو ڕێنمایی و بڕیاری سۆزدارییانەی دور لە واقیع و ئاوەز و لۆجیك و تەنها لەبەر ڕازیکردنی ئەوان، ئەمەش وا دەکات کاریگەریی نەرێنیی زۆر زیاتر بێت و پیاوان لە پەرچەکرداردا پەنا بۆ جیا بوونەوە ببەن.

٥. دەستەبەرنەبوونی ژیان لە کوردستان و بەردەوامی ژیان لە دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە لە داهاتوو لە ڕووی نا سەقامگیریی دۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابوری و هتد... کە وا دەکات گرفتەکانی نێوان هاوسەران قوڵتر بکاتەوە.

٦. زاڵبوونی کاریگەریی بنەماڵە و عەشیرەت و دەستێوەردانی دەرەکی لە زۆرێك ناوچەی کوردستان بە جۆرێك دروستبوونی گرفتەکان بەدەرە لە ویستی هاوسەرەکان.

٧. تێکەڵبوونی نەریتە جیاکان بە هۆی ئاوارەبوونی بەردەوامی کورد بۆ ناوچە جیاکانی وڵات و تەنانەت وڵاتانی دەرەوە، بە پێچەوانەیشەوە هاتنی ڕێژەیەکی زۆر لە ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی عێراق و سوریا و تەنانەت کوردانی تورکیا و ئێرانیش بۆ هەرێم، ئەم تێکەڵبوونەش زۆر جار کاریگەریی نەرێنیی دروستکردووەو بۆتە هۆی دروستبوونی گرفتی خێزانی.

ئەم هۆکارانە و چەندانی دیکە کە ڕەنگە لە کوردستاندا ڕێژەیان زیاتر بێت بەراورد بە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە وایکردووە گرفتەکانی نێوان ژن ومێردی کورد لە ئێستادا بە بەراورد بە سەردەمانی کۆن زۆر زیاتر بێت .

لە خوارەوە پلەبەندی گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکی نێوان ژن و مێردی کوردی دەخەمە ڕوو :

١. خیانەتی هاوسەرگیری: خیانەتی هاوسەرگیری لە نێو خێزانی کورددا کارێکی نەشیاووی قێزەونە کە دەبێتە هۆی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد و سەرەنجام لێك جیابوونەوە.

٢. خراپی کەس و کارو کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژن و مێرد: یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان ژن و مێردی کورد خراپی کەس و کارە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و هەندێك جاریش سەر بۆ تەڵاق و جیابوونەوە دەکێشێت .

٣. توندو تیژی: پەنابردن بۆ توندو تیژی لەلایەن پیاوەوە لە کوردستان کارێکی خراپە ئەمەش بە بیانوی چارەسەرنەکردنی ناکۆکی نێوان خۆیان و ژنەکانیان بە گفتوگۆ، کە سەرەنجام ناکۆکیەکە قوڵتر دەکاتەوەو سەر بۆ لێکترازان و جیابونەوە دەکێشێت.

٤. ڕەزیلی پیاو لە نەفەقەکێشانی خێزانەکەیدا: ڕەزیلی لە کوردستاندا لەلایەن هەندێك پیاو لە نەفەقەکێشانی خێزانەکانیاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی، کە ئەم بابەتەش بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەیە کە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر داهاتووی ژیانی نێوان ژن و مێرد

٥. خواردنەوەی مەی و مادە هۆشبەرەکان و ئالوودەبوون تیایاندا: هۆکارێکی تر لە دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ژن و مێرد لە کوردستان ئالوودە بوونی پیاوە بە مەی خواردنەوەو بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کە بەکارهێنانی ئەم شتانە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پیاو لە ڕووبەڕو بوونەوەی ژیان بە شێوەیەك کە بە

خوويەكی ناپەسەندو نەگونجاو هەڵسوكەوت دەكات و لە كەسێكی ئاسایی دووری دەخاتەوە، و بەم شێوەش ڕەفتاری لەگەڵ ژنەكەی خراپ دەبێت كە دەبێتە هۆی دروستبونی ناكۆكی لە نێوانیاندا و سەرەنجام ژیانیان ئاڵۆزو خراپ دەبێت.

٦. دڵپیسی: دڵپیسی پیاو لەبەرامبەر ژنەكەی دەبێتە كۆسپێك لە دروستكردنی پەیوەندیەكی تەندروست لە نێوان ژن و مێرددا كە ئەمەش سەر بۆ ناكۆكی دەكێشێت و ژیانیان بەرەو تاڵی دەبات.

٧. لەسەر ماڵی جیا: كاتێك هاوسەرگیری لەسەرەتاوە لەگەڵ ماڵی خەزوراندا بێت، زۆر كێشەو ناكۆكی دروست دەكات بەتایبەت بۆ ژنەكە، چونكە ئەو وەك كەسێكی نامۆ دەچێتە ناویانەوە، ئەمەش ڕێگا خۆشكەرە بۆ دەستێوەردان لەكاروباری هاوسەرگیرییەكە، ودروستبوونی ناكۆكی لە نێوان ژن و مێرددا.

٨. بەهۆی ئامێرەكانی پەیوەندیكردن و تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان: لەم دواییانەداو بەهۆی هاتنەناوەوەی تەكنەلۆجیای سەردەم بە شێوەیەكی بەرچاو ناكۆكی لە نێوان ژن و مێردی كورد زیادی كردووە ئامارەكانیش ئاماژەی مەترسی زیادبوونی ئەم جۆرە ناكۆكیە دەكەن. ٩. منداڵ نەبوون: بەداخەوە هەندێك پیاوی كورد كاتێك دەزانێت ژنەكەی منداڵی نابێت بیانوو بە ژنەكە دەگرێت، كە ئەمەش هیچ لە دەسەڵاتی ژنەكەشدا نیە،ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناكۆكی نێوانیان، كە هەندێك جار بە جیابوونەوە كۆتایی بە ژیانیان دێت.

٩. نەبوونی منداڵی كوڕ: لە ناو هەندێك خێزانی كوردیدا نەبونی منداڵی كوڕ دەبێتە هۆی دروستبوونی ناكۆكی كە پیاو لە دروستبوونی ناكۆكیەكەدا لێی بەرپرسیارە، ئەمەش بۆ تێنەگەشتن و كاڵ فامی پیاوە دەگەڕێتەوە كە بەهۆیەوە نەهامەتی بۆ ژنەكەی دروست دەكات و ژیانی لێ تاڵ دەكات و ماڵی لێدەكات بە دۆزەخ.

١٠. جیاوازی تەمەن: بێگومان ئەم جیاوازی و ناهاوسەنگیە جیاوازی لە پێداویستی خواست و بیركردنەوەو بۆچوونەكاندا دروست دەكات و دەبێتە هۆكاری دروست بوونی ناكۆكی و هەندێك جاریش بە جیابوونەوە كۆتای بە ژیانیان دێت.

١١. نەخۆشی دەرونی: زۆربەی جار ئەم هۆكارە وەك هەڵخەڵەتاندنی ژنەكەیە كە لەسەرەتادا كەسوكاری كوڕەكە قسەناكەن و دەیشارنەوە كە كوڕەكە نەخۆشی دەرونی هەیە، چونكە لە كۆمەڵگەدا بۆچونێك هەیە وا دەزانن ئەو كوڕانەی نەخۆشن لە ڕووی دەرونیەوە ئەگەر ژن بهێنن لەوانەیە چاك ببنەوە، بەڵام نازانن بەمە ژنێك چارەڕەش دەكەن.

١٢. نەخۆشی تر: هەر نەخۆشیەك بێت بەتایبەت ئەگەر لەوانە بێت كە درێژخایەنە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی ناكۆكی.

١٣. خووی خراپ: پیاو هەر خوویەكی خراپی هەبێت ئەوا نەنگی بۆ ژنەكەی دروست دەكات. هیچ هاوسەرێك پێی خۆش نیە كە لایەنی بەرامبەری كەمو كورتیەكی ئاكاری هەبێت كە مایەی شەرمەزاری بێت. كە ئەمەش ناكۆكی لە نێوانیان دروست دەكات كە ڕەنگە سەر بۆ جیابوونەوەش بكێشێت.

١٤. بێكاری پیاو: لایەنی ئابوری خێزان بەندە بەكاركردنەوە، بۆیە ئەگەر پیاو كاری نەكرد ئەوا كۆڵەكەی سەرەكی بەڕێوەچوونی خێزان دەڕوخێت و بەرەو ناكۆكی و هەڵوەشانەوە دەچێت٧٦.

## كۆتایی

لە كۆتاییدا گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردە دەخەینە ڕوو:

### یەكەم: دەرەنجام:

١. ناكۆكی دیاردەیەكەی سروشتیە لە نێوان زۆربەی ژن و مێردەكاندا ڕوو دەدات، بەڵام ژن و مێرد بە لێكتێگەشتن دەتوانن ناكۆكی نێوانیان چارەسەر بكەن.

٢. ئیسلام گرنگی بە ژیانی ژن و مێرد دەدات و لە هەموو لێكترزانێك دەیپارێزێت، و چارەسەری بۆ هەموو ناكۆكییەكانی نێوانیان داناوە.

٣. هۆكارە هاوبەشەكانی نێوان ژن و مێرد بۆ دروستبونی ناكۆكی لە نێوانیاندا ڕێژەییە.

٤. چەندین هۆكار هەیە كە پیاو بە تەواوی دەستی لە دروستبونیدا هەیە، بەڵام هیچ هۆكارێك نیە كە تەنها ژن تیایدا بەشدار بێت لە دروستبوونیدا.

٥. قورسی ژیانی هاوسەرگیری لەسەدا سەد لەسەر مێردە، و ژن لەو بوارەوە موكوڵلەف نیە .

٦. نشوز تایبەت نیە بە ژنەوە بەڵكو لە پیاویشدا ڕوو دەدات.

٧. هەندێك لە ناكۆكیەكانی نێوان ژن و مێرد بە گشتی و ژن و مێردی كورد تایبەتی بەهۆی هاتنە ناوەوەی كەس و كاری هەردوولاوە دروست دەبێت.

### دووەم: ڕاسپاردە:

١. پێویستە حکومەت بە گرنگیەوە لە ناکۆکی نێوان ژن و مێرد بڕوانێت وکەناڵێکی تایبەت بەو بوارە بکاتەوە، و خەڵکی پسپۆڕی بۆ دابمەزرێنێت تاکو چارەسەری ناکۆکیەکانیان بکەن.
٢. پێویستە خولی ئامادەکاری بۆ گەنجان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە هۆشیاریەوە برۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و توشی ناکۆکی نەبن.
٣. پێویستە ژیانی ژن و مێردایەتی لەسەر بنچینەی پابەندبوون بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بونیاد بنرێت و دوربکەونەوە لە هەموو داب و نەریتێکی ناشەرعی.
٤. پێویستە هەریەکە لە ژن و مێرد ڕێز لە کەسایەتی یەکتری بگرن، و نەهێڵن دەستی دەرەکی بێتە ناو ژیانیانەوە.

سەرچاوەکان لە دوای قورئانی پیرۆز:


١. ابن عابدين محمد امين الدمشقى الحنفى ( ١٢٥٢: كۆچى وەفاتى كردووە) ، رد المحتار على الدر المختار، لە بڵاوكراوەكانى: خانەى فيكر – بيروت، چ٢، ١٩٩٢ز.
٢. ابن قدامة المقدسي ( ساڵی ٦٢٠ك وەفاتی کردووە)، المغني، لە بڵاوكراوەكانى: كتێبخانەى القاهرة، بەبێ چاپ، بەروارى بلاوكردنەوە: ١٣٨٨ك-١٩٦٨ز.
٣. أحمد بن على أبو بكر الرازى الجصاص الحنفى (سالى: ٣٧٠ك وەفاتى كردووە) ، أحكام القرآن، لێكۆڵینەوە: محمد صادق القمحاوى، لە بڵاوكراوەكانى خانەى إحياء التراث العربى – بيروت، مێژووى چاپ ١٤٠٥ كۆچى.
٤. أحمد ى كوڕى لؤلؤي كوڕى عبد الله ى رۆمى، (ساڵى: ٧٦٩ك وەفاتى كردووە)، عمده السالِك وَعده النَّاسِك، عبدُ الله ى كوڕى إبراهِيم ى ئەنسارى پێداچوونەوەى بۆكردووەو چاپى كردووە، لە بڵاوكراوەكانى: الشؤون الدينيه، قطر، چ١، ١٩٨٢ز.
٥. أحمدى كوڕى على ئيبن و حەجە رى عەسقە لانى شافعى، فتح البارى شرح صحيح البخارى، لە بڵاوكراوەكان: خانەى المعرفه- بيروت، ١٣٩٧.
٦. باوكى حفص سراج الدين عمرى كوڕى على حەنبەلى ديمەشقى (ساڵى: ٧٧٥ك وەفاتى كردووە)، اللباب فى علوم الكتاب، لێكۆڵینەوە: شێخ عادل أحمد عبد الموجود وشێخ على محمد معوض، لە بڵاوكراوەكانى: خانەى الكتب العلمية- بيروت –لبنان،چ١، ١٤١٩ك -١٩٩٨ز.
٧. بدران أبو العينين بدران، أحكام الزواج والطلاق فى الإسلام، لە بڵاوكراوەكانى خانەى تأليف لە ميصر، چ٢ – ١٩٦١ز.
٨. پێشەوا نەوەوى ( ساڵى ٦٧٦ك وەفاتى كردووە)، روضه الطالبين وعمدة المفتين، لێكۆڵینەوە: زهير شاويش، لە بڵاوكراوەكانى: المكتب الإسلامي، بيروت- ديمەشق- عەممان، چ٣، ١٤١٢ك/ ١٩٩١ز.
٩. خالد عبد الرحمن، آداب الحياة الزوجية في ضوء الكتاب والسنة، لە بلاوكراوەكانى: دارالمعرفة بيروت- چ٦.
١٠. الدكتور احمد الكبيسي، فلسفة نظام الأسرة في الإسلام ، لە بلاوكراوەكانى چاپخانەى الحوادث، چ٢.
١١. الدكتور احمد عبيد، الأحوال الشخشيه فى الفقه والقضاء والقانون.
١٢. الدكتور مصطفى الزلمى، أحكام الزواج والطلاق فى الفقه الإسلامى المقارن، لە بڵاوكراوەكانى چابخانەى ئاراس –هەولێر،چ٢.
١٣. دكتۆر بدر عبدالحميد، الخلافات الزوجية الأسباب والحلول، ٢٠٠٩ز، بەبێ چاپ.
١٤. دكتۆر وَهْبَة مصطفى الزُّحَيْلِيّ، مامۆستاو سەرۆكى بەشى فيقهى ئيسلامى و أصولى فيقه لە زانكۆى ديمەشق- كۆلێجى شەريعه، الفِقْهُ الإسلاميُّ وأدلَّتُهُ، لە بڵاوكراوەكانى: خانەى الفكر - سوريَّه – دمشق، چ٤.
١٥. زكرياى كوڕى محمدى كوڕى زكرياى أنصارى، (ساڵى: ٩٢٦ك وەفاتى كردووە)، أسنى المطالب فى شرح روض الطالب، لە بڵاوكراوەكانى: خانەى الكتاب الإسلامى، بەبێ چاپ و بەروار.
١٦. زين الدين إبراهيمى كوڕى محمد، ناسراو بە ابن نجيم المصرى (ساڵى ٩٧٠ك وەفاتى كردووە)، البحر الرائق شرح كنز الدقائق، لە كۆتاييەكەيدا تەواوكارى كتێبى (البحر الرائق ى محمد ى كوڕى حسين ى كوڕى على حەنەفى قادريه)، لە بڵاوكراوەكانى: خانەى كتێبى ئيسلامى، بەبێ چاپ و بەروار.
١٧. زين الدين باوكى عبد الله محمدى حەنەفى رازى (ساڵى: ٦٦٦ك وەفاتى كردووە)، مختار الصحاح، لێكۆڵینەوە: يوسف الشيخ محمد، لە بڵاوكراوەكانى: المكتبة العصرية - الدار النموذجيه، بيروت – صيدا، چ٥، ١٤٢٠ك، ١٩٩٩ز.
١٨. زين الدين عبد الرحمن ى كوڕى أحمد كوڕى رجبى حەنبەلى (ساڵى ٧٩٥ك وەفاتى كردووە) جامع العلوم والحكم فى شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم: لێكۆڵینەوە: شعيب الأرناؤوط و إبراهيم باجس، لە بڵاوكراوەكانى: دەزگاى الرسالة – بيروت، چ٧، ١٤٢٢ك- ٢٠٠١ز.

١٩. سلسله الأحاديث الصحيحة، محمد ناصر الدينی الألباني( ساڵی ١٤٢٠ك وەفاتی كردووە)، له بڵاوكراوەكانی: مكتبه المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، چ١، ١٤٢٢ك- ٢٠٠٢ز.

٢٠. سنن ابن ماجه، ئيبن و ماجه ی قەزوينی ( ساڵی ٢٧٣ك وەفاتی كردووە)، لێكۆڵينەوە: محمد فؤاد عبد الباقی، له بڵاوكراوەكانی خانەی إحياء الكتب العربية- فيصل عيسى البابی الحلبی، كتاب الفتن، باب كف اللسان فی الفتنة.

٢١. سنن أبي داود، أبو داود سليمان ی كوڕی الأشعث ی سەجستانی ( ساڵی ٢٧٥ك وەفاتی كردووە)،لێكۆڵينەوە: محمد محيی الدين عبد الحميد، له بڵاوكراوەكانی: المكتبه العصريه، صيدا – بيروت، كتاب النكاح، باب القسم بين النساء.

٢٢. سنن الترمذی، محمدی كوری عيسای ترمذی له ساڵی٢٧٩ك وەفاتی كردووە، لێكۆڵينەوە: ئەحمەد محمد شاكرو هاورێكانی، له بڵاوكراوەكانی: شركة مكتبة ومطبعه مصطفی البابی الحلبی – مصر، چ٢- ١٣٩٥ك، ١٩٧٥ز.

٢٣. شريف كمال، الكتاب ٩٩ صفحة صفة يحبها الرجل فی زوجته، له بڵاوكراوەكانی خانەی شەريف بۆ بڵاوكردنەوەو دابەشكردن، چ١-٢٠٠٣ز.

٢٤. شمس الدين محمدی كوڕی محمدی كوڕی عبد الرحمن ی الطرابلسی المغربی، ناسراو به الحطاب الرُّعينی المالكی (ساڵی: ٩٥٤ك وەفاتی كردووە)، مواهب الجليل فی شرح مختصر خليل، له بڵاوكراوەكانی خانەی الفكر، چ٣، ١٤١٢ك- ١٩٩٢ز.

٢٥. شهاب الدين محمود ی كوڕی عبد اللهی حسينی ئالوسی (ساڵی: ١٢٧٠ك وەفاتی كردووە)، روح المعانی فی تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، لێكۆڵينەوە: علی عبد الباری عطيه، له بڵاوكراوەكانی: خانەي الكتب العلميه – بيروت، چ١، ١٤١٥ك.

٢٦. شێخ محمد حسان، السعاده الزوجية، بەبێ چاپ و ساڵی چاپ.

٢٧. شێخ محمد خەتيب شەربينی شافيعی ( ساڵی ٩٧٧ك وەفاتی كردووە)، مغنی المحتاج إلی معرفه معانی ألفاظ المنهاج، له بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی مصطفی البابی الحلبی – القاهرة، ١٩٥٨ز.

٢٨. صحيح البخاری ،محمد ی كوڕی ئيسماعيلی بوخاری، لێكۆڵينەوە: زهيری كوڕی ناصر الناصر، له بڵاوكراوەكانی: خانەی طوق النجاه، چ١، ١٤٢٢ كۆچی.

٢٩. صحيح الجامع الصغير وزياداته، محمد ناصرالدين الألبانی( ساڵی ١٤٢٠ك وەفاتی كردووە)، له بڵاوكراوەكانی: المكتب الإسلامی.

٣٠. صحيح الجامع الصغير وزياداته، محمد ناصرالدين لألباني (ساڵی: ١٤٢٠ك وەفاتی كردووە)، له بڵاوكراوەكانی: المكتب الإسلامی.

٣١. صحيح مسلم، مسلمی نەيسابوری كه ساڵی ٢٦١ك وەفاتی كردووە، لێكۆڵينەوە: محمد فوئاد عبدالباقی، له بڵاوكراوەكانی خانەی إحياء التراث العربی- بيروت، كتاب الزكاه، باب ليس الغنی عن كثره العرض.

٣٢. عبد الرحمن ی كوڕی محمد ی كوڕی قاسمی حەنبەلی نەجدی (ساڵی ١٣٩٢ك وەفاتی كردووە)، حاشية الروض المربع شرح زاد المستقنع، بەبێ بڵاوكراوە، چ١، ١٣٩٧ك.

٣٣. علاء الدين باوكی حەسەن علی كوڕی سليمانی مرداوی ديمەشقی حەنبەلی (ساڵی: ٨٨٥ك وەفاتی كردووە)، الإنصاف فی معرفه الراجح من الخلاف،له بڵاوكراوەكانی: خانەی إحياء التراث العربی،چ٢.

٣٤. علاء الدين، أبو بكر ی كوڕی مسعود ی كوڕی أحمدی كاسانی حەنەفی (ساڵی: ٥٨٧ك وەفاتی كردووە)، بدائع الصنائع فی ترتيب الشرائع، له بڵاوكراوەكانی: خانەی الكتب العلمية، چ٢، ١٤٠٦ك- ١٩٨٦ز.

٣٥. گۆڤاری البحوث العلمية، گۆڤارێكی دەوريە سەرۆكايەتی گشتی ئيدارەی توێژينەوە زانستيەكان و فەتوا و بانگەواز و ڕێنيشاندان دەری دەكات.

٣٦. محمد ی كوڕی أحمد ی كوڕی عرفه الدسوقی المالكی (ساڵی ١٢٣٠ك وەفاتی كردووە)، حاشية الدسوقی علی الشرح الكبير، له بڵاوكراوەكانی خانەی فيكر، بەبێ چاپ و بەرواری چاپ.

٣٧. محمد ی كوڕی صالح ی كوڕی محمد العثيمين (ساڵی: ١٤٢١ك وەفاتی كردووە)، الشرح الممتع علی زاد المستقنع، له بڵاوكراوەكانی خانەی ابن الجوزی، چ١، ١٤٢٢-١٤٢٨ك.

٣٨. محمدی كوڕی عبد الله ی خەرشی مالكی (ساڵی: ١١٠١ك وەفاتی كردووە)، شرح مختصر خليل للخرشي، له بڵاوكراوەكانی: خانەی الفكر بۆ چاپكردن – بيروت، بەبێ چاپ و بەروار.

٣٩. المستدرك علی الصحيحين، باوكی عبدالله حاكمی نەيسابووری (٤٠٥ك وەفاتی كردووە)، لێكۆڵينەوە: مصطفی عبد القادر عطا، له بڵاوكراوەكانی: خانەی الكتب العلميه- بيروت، چ١، ١٤١١ك- ١٩٩٠ز.

٤٠. مسند الإمام أحمد بن حنبل، باوکی عبدالله أحمدي کوڕی حەنبەل (ساڵی٢٤١ی کۆچی وەفاتی کردووە)، لێکۆڵینەوە: شعيب الأرنؤوگ وعادل مرشد، و کەسانی تر، لە بڵاوکردنەوەی دەزگای الرسالة، چ١- ١٤٢١ك-٢٠٠١ز.

٤١. منصوری کوڕی یونسی کوڕی صلاح الدينی بەهوتی حەنبەلی (ساڵی: ١٠٥١ك وەفاتی کردووە)، كشاف القناع عن متن الإقناع، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الكتب العلمية.

٤٢. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی وەفایی- سلێمانی، ژمارەی سپاردن ٥٧٢ی ساڵی ٢٠٠٤ز.

٤٣. ناصر الدين باوکی سعيد عبد الله ی کوڕی عمری کوڕی محمدی شیرازی البيضاوي (ساڵی: ٦٨٥ك وەفاتی کردووە ) أنوار التنزيل وأسرار التأويل، لێکۆڵینەوە: محمد عبد الرحمن المرعشلي،لە بڵاوکراوەکانی خانەی إحياء التراث العربي – بيروت، چ١، ١٤١٨ك.

٤٤. ئیمامی شافعی ( ساڵی: ٢٠٤ك وەفاتی کردووە) ، الأم، لە بلاوکراوەکانی: خانەی المعرفة – بيروت، بەبێ چاپ، ساڵی بڵاوکردنەوە: ١٤١٠ك/١٩٩٠ز.

٤٥. ئیمامی قورتوبی، الجامع لأحكام القرآن، لێکۆڵینەوە: احمد البردونی وإبراهيم أطفيش، لە بڵاوکراوەکانی خانەی الكتب المصريه- القاهرة، چ ٢، ١٣٨٤ك- ١٩٦٤ز.

٤٦. ئیمامی نەوەوی ( ساڵی: ٦٧٦ ك وەفاتی کردووە)، المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی إحياء التراث العربي – بيروت، چ٢، ١٣٩٢ك.

٤٧. ئەبو بەکر احمدی کوڕی عەلی رازی الجصاص ی حەنەفی ( ساڵی٣٧٠ ك وەفاتی کردووە)، أحكام القرآن، لێکۆڵینەوە: محمد صادق القمحاوی، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الفكر – بيروت.

٤٨. ئەبولفیدا ئیسماعیلی کوڕی عومەری ئیبن الكثيری القرشی، تفسير القرآن العظيم: لێکۆڵینەوە: سامی کوری محمدی سەلامە، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی طيبة بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردن، چ٢، ١٤٢٠ك- ١٩٩٩ز.

٤٩. ئەبولوەلید محمد ی کوری أحمد، ناسراو بە ئیبن ڕوشد ( ساڵی ٥٩٥ك وەفاتی کردووە)، بداية المجتهد ونهايه المقتصد، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی فەرموودە- قاهيرە، بەبێ چاپ، مێژووی بڵاوکردنەوە: ١٤٢٥ك- ٢٠٠٤ز.

٥٠. نازەنین عوسمان ئەحمەد، کێشە دەروونیەکان، پێداچوونەوە: شنۆ عوسمان قادر، ساڵی چاپ ٢٠١٣ز.


پاشکۆکان

١. بڕوانە: خالد عبد الرحمن، آداب الحياة الزوجية في ضوء الكتاب والسنة، لە بلاوکراوەکانی: دارالمعرفة، بيروت- لبنان، چ٦، ٢٠٠٩ز، لا ٣٦٠.

٢. بڕوانە: الدكتور احمد الكبيسي، فلسفة نظام الأسرة في الإسلام ، لە بلاوکراوەکانی چاپخانەی الحوادث، چ٢ -١٩٩٠، لا١٥٠.

٣. بڕوانە: الدكتور مصطفى الزلمی، أحكام الزواج والطلاق فی الفقه الإسلامی المقارن، لە بڵاوکراوەکانی چابخانەی ئاراس – هەولێر چ ٢- ٢٠١٠ز، لا٧٥.

٤. بڕوانە: أحمد بن علی أبو بكر الرازی الجصاص الحنفی (سالی: ٣٧٠ك وەفاتی کردووە) ، أحكام القرآن، لێکۆڵینەوە: محمد صادق القمحاوی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی إحياء التراث العربي – بيروت، مێژووی چاپ ١٤٠٥ کۆچی،( ١٤٨/٢).

٥. بڕوانە: بدران أبو العينين بدران، أحكام الزواج والطلاق فی الإسلام، لە بڵاوکراوەکانی خانەی تأليف لە میصر، چ٢ – ١٩٦١ز، لا ٢٠٢، و الدكتور احمد عبيد، الأحوال الشخشيه فی الفقه والقضاء والقانون، ( ١/ ١٦٣).

٦. بڕوانە: ابن عابدين محمد امين الدمشقی الحنفی ( ١٢٥٢: کۆچی وەفاتی کردووە) ، رد المحتار على الدر المختار، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی فیکر – بيروت، چ٢، ١٩٩٢ز، ( ٣/ ٢٠٣).

٧. صحيح البخاری ،محمد ی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری، لێکۆڵینەوە: زهێری کوڕی ناصر الناصر، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی طوق النجاه، چ١، ١٤٢٢ کۆچی،كتاب النكاح: باب لزوجك عليك حق، كتاب النكاح، ژمارەی فەرموودە: ٥١٩٩، ( ٣١/٧).

٨. ئیمامی قورتوبی، الجامع لأحكام القرآن، لێكۆڵینەوە: احمد البردونی وإبراهیم أطفیش، لە بڵاوكراوەكانی خانەی الكتب المصریە- القاهرة، چ ٢، ١٣٨٤ك- ١٩٦٤ز، ( ١٧/١٤).

٩. صحیح مسلم، مسلمی نەیسابوری كە ساڵی ٢٦١ك وەفاتی كردووە، لێكۆڵینەوە: محمد فوئاد عبدالباقی، لە بڵاوكراوەكانی خانەی إحیاء التراث العربي- بیروت، كتاب الزكاه، باب لیس الغنی عن كثره العرض، ژمارەی فەرموودە: ١٠٥١، (٧٢٦/٢).

١٠. شێخ محمد حسان، السعاده الزوجیة، بەبێ چاپ و ساڵی چاپ، لا ٣.

١١. سنن الترمذی، محمدی كوری عیسای ترمذی لە ساڵی٢٧٩ك وەفاتی كردووە، لێكۆڵینەوە: ئەحمەد محمد شاكرو هاورێكانی، لە بڵاوكراوەكانی: شركة مكتبة ومطبعه مصطفی البابی الحلبی – مصر، چ٢- ١٣٩٥ك، ١٩٧٥ز،باب ما جاء في حسن الخلق، ژمارەی فەرموودە: ٢٠٠٢، (٣٦٢/٤). ئەم فەرمودیە پلەی حەسەن و صەحیح ی هەیە.

١٢. ئەبولفیدا ئیسماعیلی كوڕی عومەری ئیبن الكثیری القرشی، تفسیر القرآن العظیم: لێكۆڵینەوە: سامی كوری محمدی سەلامە، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی طیبة بۆ بڵاوكردنەوەو دابەشكردن، چ٢، ١٤٢٠ك- ١٩٩٩ز،(٦٤٤/١).

١٣. بڕوانە: شریف كمال، الكتاب ٩٩ صفحة صفة یحبها الرجل في زوجته، لە بڵاوكراوەكانی خانەی شەریف بۆ بڵاوكردنەوەو دابەشكردن، چ١-٢٠٠٣ز، لا٤٢ .

١٤. شێخ محمدحسان، السعاده الزوجیة ، لا ٢٠.

١٥. صحیح البخاری، كتاب العتق، باب العبد راع في مال سیده، ژمارەی فەرموودە: ٢٥٥٨، ١٥٠/٣.

١٦. ابن كثیر، تفسیر القرآن العظیم، (٩١/١).

١٧. المستدرك علی الصحیحین، باوكی عبدالله حاكمی نەیسابووری (٤٠٥ك وەفاتی كردووە)، لێكۆڵینەوە: مصطفی عبد القادر عطا، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی الكتب العلمیه- بیروت، چ١، ١٤١١ك- ١٩٩٠ز، كتاب النكاح، ژمارەی فەرموده: ٢٧٤٢، (١٩٨/٢). ئەم فەرمودەیە سەحیحە لەسەر مەرجی ئیمامی بخاری و مسلم، وە خۆیان نەیانگێڕاوەتەوە .

١٨. بڕوانە: زین الدین إبراهیمی كوڕی محمد، ناسراو بە ابن نجیم المصری (ساڵی ٩٧٠ك وەفاتی كردووە)، البحر الرائق شرح كنز الدقائق، لە كۆتاییەكەیدا تەواوكاری كتێبی (البحر الرائق ی محمد ی كوڕی حسین ی كوڕی علی حەنەفی قادریە)، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی كتێبی ئیسلامی، بەبێ چاپ و بەروار، ( ١٥٢/٣).

١٩. بڕوانە: ئەبولوەلید محمد ی كوری أحمد، ناسراو بە ئیبن ڕوشد ( ساڵی ٥٩٥ك وەفاتی كردووە)، بدایة المجتهد ونهایه المقتصد، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی فەرموودە- قاهیرە، بەبێ چاپ، مێژووی بڵاوكردنەوە: ١٤٢٥ك- ٢٠٠٤ز، (٤٧/٣).

٢٠. بڕوانە: پێشەوا نەوەوی ( ساڵی ٦٧٦ك وەفاتی كردووە)، روضه الطالبین وعمدة المفتین، لێكۆڵینەوە: زهیر شاویش، لە بڵاوكراوەكانی: المكتب الإسلامي، بیروت- دیمەشق- عەممان، چ٣، ١٤١٢ك/ ١٩٩١ز، (٢٤٩/٧)، وە عبد الرحمن ی كوڕی محمد ی كوڕی قاسمی حەنبەلی نەجدی (ساڵی ١٣٩٢ك وەفاتی كردووە)، حاشیة الروض المربع شرح زاد المستقنع، بەبێ بڵاوكراوە، چ١، ١٣٩٧ك، (٣٦٥/٦).

٢١. ابن كثیر، تفسیر القرآن العظیم، (٢٤٢/٢).

٢٢. المستدرك علی الصحیحین، كتاب البر والصلة، ژمارەی فەرموده: ٧٣٢٧، (١٩١/٤). ئەم فەرموودەیە صەحیحە لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاری و مسلم وە خۆیان نەیانگێڕاوەتەوە.

٢٣. سنن الترمذی، باب ما جاء في حق المرأه علی زوجها، ژمارەی فەرموده: ١١٦٣، (٣/ ٤٥٩). ئیمامی ترمذی دەفەرموێت: ئەم فەرموده صەحیحە.

٢٤. بڕوانە: محمد ی كوڕی أحمد ی كوڕی عرفه الدسوقي المالكي (ساڵی ١٢٣٠ك وەفاتی كردووە)، حاشیة الدسوقي علی الشرح الكبیر، لە بڵاوكراوەكانی خانەی فیكر، بەبێ چاپ و بەرواری چاپ، (٣٦١/٢)، وە أحمد ی كوڕی لؤلؤي كوڕی عبد الله ی رۆمی، (ساڵی: ٧٦٩ك وەفاتی كردووە)، عمده السالِك وَعده النَّاسِك، عبدُ الله ی كوڕی إبراهِیم ی ئەنساری پێداچوونەوەی بۆكردووەو چاپی كردووە، لە بڵاوكراوەكانی: الشؤون الدینیه، قطر، چ١، ١٩٨٢ز ( ٢٠٩/١)،وة محمد ی كوڕی صالح ی كوڕی محمد العثیمین (ساڵی: ١٤٢١ك وەفاتی كردووە)، الشرح الممتع علی زاد المستقنع، لە بڵاوكراوەكانی خانەی ابن الجوزی، چ١، ١٤٢٢-١٤٢٨ك، (٣٨٢/١٢).

٢٥. دكتۆر بدر عبدالحمید، الخلافات الزوجیة الأسباب والحلول، ٢٠٠٩ز، بەبێ چاپ، ( لا٢٦).

٢٦. مسند الإمام أحمد بن حنبل، باوكى عبدالله أحمدي كوڕى حەنبەل (ساڵی٢٤١ى كۆچی وەفاتی كردووە)، لێكۆڵینەوە: شعیب الأرنؤوگ وعادل مرشد، و كەسانی تر، لە بڵاوكردنەوەی دەزگای الرسالة، چ١- ١٤٢١ك-٢٠٠١ز، ژمارەی فەرمودە: ١٢٣٨٣، (٣٧٥/١٩). ئەم فەرمودەیە ئیمامی ئەحمەد ئەفەرموێت پلەی حەسەنی هەیە.

٢٧. صحيح مسلم، كتاب النكاح، باب تحريم إفشاء سر المرأه، ژمارەی فەرمودە: ١٤٣٧، (١٠٦٠/٢).

٢٨. المستدرك على الصحيحين، كتاب الزكاه، ژمارەی فەرمودە: ١٤٨٧، (١/ ٥٦٧). ئەم فەرموودەیە صەحیحە لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاری و مسلم وە خۆیان خۆیان نەیانگێڕاوەتەوە.

٢٩. دكتۆر بدر عبدالحميد، الخلافات الزوجية الأسباب والحلول، (لا٢٩).

٣٠. سنن ابن ماجه، ئیبن و ماجه ى قەزوینی ( ساڵی ٢٧٣ك وەفاتی كردووە)، لێكۆڵینەوە: محمد فؤاد عبد الباقي، لە بڵاوكراوەكانی خانەی إحياء الكتب العربية- فيصل عيسى البابي الحلبي، كتاب الفتن، باب كف اللسان في الفتنة، ژمارەی فەرمودە: ٣٩٧٦، (١٣١٥/٢). ئەم فەرمودەیە صەحیحە. صحيح الجامع الصغير وزياداته، محمد ناصرالدين الألباني( ساڵی ١٤٢٠ك وەفاتی كردووە)، لە بڵاوكراوەكانی: المكتب الإسلامي، ژمارەی فەرمودە: ٥٩١١، ( ٢/ ١٠٢٧).

٣١. زين الدين عبد الرحمن ى كوڕى أحمد كوڕى رجبى حەنبەلی (ساڵی ٧٩٥ك وەفاتی كردووە) جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم: لێكۆڵینەوە: شعيب الأرناؤوط و إبراهيم باجس، لە بڵاوكراوەكانی: دەزگای الرسالة – بيروت، چ٧، ١٤٢٢ك- ٢٠٠١ز، (٦٣/١).

٣٢. صحيح البخاري، كتاب الإيمان، باب من الإيمان أن يحب لأخيه ما يحب لنفسه، ژمارەی فەرمودە: ١٣، (١٢/١).

٣٣. دكتۆر بدر عبدالحميد، الخلافات الزوجية الأسباب والحلول، (لا٢٧).

٣٤. ناصر الدين باوكی سعيد عبد الله ى كوڕى عمری كوڕى محمدی شیرازی البيضاوي (ساڵی: ٦٨٥ك وەفاتی كردووە ) أنوار التنزيل وأسرار التأويل، لێكۆڵینەوە: محمد عبد الرحمن المرعشلي،لە بڵاوكراوەكانی خانەی إحياء التراث العربي – بيروت، چ١، ١٤١٨ك، (٢٢٥/٥).

٣٥. ئیمامی قورتوبی، الجامع لأحكام القرآن، (١٩٥/١٨).

٣٦. پێشتر تەخریجی ئەم فەرمودە لە لاپەڕە ٨ دا كراوە.

**٣٧.** محمد صالح منجد، أخطار تهدد البيوت، (لا٣٨).

٣٨. زين الدين باوكی عبد الله محمدی حەنەفی رازی (ساڵی: ٦٦٦ك وەفاتی كردووە)، مختار الصحاح، لێكۆڵینەوە: يوسف الشيخ محمد، لە بڵاوكراوەكانی: المكتبة العصرية - الدار النموذجيه، بيروت – صيدا، چ٥، ١٤٢٠ك، ١٩٩٩ز، (لا٣١٠).

٣٩. بڕوانە: ئەبو بەكر احمدی كوڕی عەلی رازی الجصاص ى حەنەفی ( ساڵی٣٧٠ ك وەفاتی كردووە)، أحكام القرآن، لێكۆڵینەوە: محمد صادق القمحاوي، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی الفكر – بيروت، ( ٢/ ٢٦٩)، و محمد ى كوڕی أحمد ى كوڕی عرفه الدسوقي المالكي، حاشيه الدسوقي على الشرح الكبير، ( ٣٤٤/٢)، شێخ محمد خەتیب شەربینی شافیعی ( ساڵی ٩٧٧ك وەفاتی كردووە)، مغني المحتاج إلى معرفه معاني ألفاظ المنهاج، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی مصطفى البابي الحلبي – القاهرة، ١٩٥٨ز، ( ١٦٩/٥)، ابن قدامة المقدسي ( ساڵی ٦٢٠ك وەفاتی كردووە)، المغني، لە بڵاوكراوەكانی: كتێبخانەی القاهرة، بەبێ چاپ، بەرواری بلاوكردنەوە: ١٣٨٨ك-١٩٦٨ز،(٣٢٠/٧).

٤٠. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی وەفایی- سلێمانی، ژمارەی سپاردن ٥٧٢ى ساڵی ٢٠٠٤ز، (لا٩٩).

٤١. بڕوانە: باوكی حفص سراج الدين عمری كوڕی علی حەنبەلی دیمەشقی (ساڵی: ٧٧٥ك وەفاتی كردووە)، اللباب في علوم الكتاب، لێكۆڵینەوە: شێخ عادل أحمد عبد الموجود وشێخ علي محمد معوض، لە بڵاوكراوەكانی: خانەی الكتب العلمية- بيروت –لبنان،چ١، ١٤١٩ك -١٩٩٨ز، (٥٤/٧).

٤٢. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا٨٤).

٤٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ( لا٢٨١).

٤٤. ابن كثير، تفسير القرآن العظيم، .(2/294).

٤٥. سنن ابن ماجه، كتاب النكاح، باب حق الزوج على المرأة، ژمارەی فەرمودە: ١٨٥٣، (٥٩٥/١). ئەم فەرمودە صەحیحە. سلسله الأحاديث الصحيحة، محمد ناصر الدينى الألباني( ساڵی ١٤٢٠ك وەفاتی كردووە)، لە بڵاوكراوەكانی: مكتبه المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، چ١، ١٤٢٢ك- ٢٠٠٢ز، ژمارەی فەرمودە: ٣٣٦٦، (١٠٩٧/٧).

٤٦. بڕوانە: علاء الدین، أبو بکری کوڕی مسعود ی کوڕی أحمدی کاسانی حەنەفی (ساڵی: ٥٨٧ك وەفاتی کردووە)، بدائع الصنائع فی ترتیب الشرائع، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الکتب العلمیة، چ٢، ١٤٠٦ك- ١٩٨٦ز، (٣٣٤/٢)، وە محمد ی کوڕی أحمد ی کوڕی عرفە الدسوقی المالکی، حاشیە الدسوقی علی الشرح الکبیر، ( ٣٤٣/٢)، وە پێشەوا نەوەوی، روضە الطالبین، ( ٦٧٥/٥)، وە علاء الدین باوکی حەسەن علی کوڕی سلیمانی مرداوی دیمەشقی حەنبەلی (ساڵی: ٨٨٥ك وەفاتی کردووە)، الإنصاف فی معرفە الراجح من الخلاف،لە بڵاوکراوەکانی: خانەی إحیاء التراث العربی،چ٢، (٣٧٦/٨).

٤٧. منصوری کوڕی یونسی کوڕی صلاح الدینی بەهوتی حەنبەلی (ساڵی: ١٠٥١ك وەفاتی کردووە)، کشاف القناع عن متن الإقناع، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الکتب العلمیة، (٢٠٩/٥).

٤٨. بڕوانە: کاسانی، بدائع الصنائع، ( ٣٣٤/٢)، وە شمس الدین محمدی کوڕی محمدی کوڕی عبد الرحمن ی الطرابلسی المغربی، ناسراو بە الحطاب الرُّعینی المالکی (ساڵی: ٩٥٤ك وەفاتی کردووە)، مواهب الجلیل فی شرح مختصر خلیل، لە بڵاوکراوەکانی خانەی الفکر، چ٣، ١٤١٢ك- ١٩٩٢ز،(١٥/٤)، وە شێخ محمد خەتیب شەربینی، مغني المحتاج إلی معرفە معانی ألفاظ المنهاج، ( ٥٢٥/٥)، ابن قدامة المقدسي ، المغنی لابن قدامە، (٣١٩/٧).

٤٩. صحیح البخاری، کتاب النکاح، باب ما یکره من ضرب النساء، ژمارەی فەرمودە:٥٢٠٤، (٣٢/٧).

٥٠. سنن الترمذي، باب ما جاء فی حق المرأة علی زوجها، ژمارەی فەرمودە: ١١٦٣، (٣/ ٤٥٩). ئیمامی ترمذی دەفەرموێت ئەم فەرمودە صەحیحە.

٥١. شهاب الدین محمود ی کوڕی عبد اللەی حسینی ئالوسی (ساڵی: ١٢٧٠ك وەفاتی کردووە)، روح المعانی فی تفسیر القرآن العظیم والسبع المثاني، لێکۆڵینەوە: علی عبد الباری عطیە، لە بڵاوکراوەکانی: خانەي الکتب العلمیە – بیروت، چ١، ١٤١٥ك، (٢٥/٣).

٥٢. بڕوانە: کاسانی، بدائع الصنائع، ( ٣٣٤/٢)، و محمدی کوڕی عبد الله ی خەرشی مالکی (ساڵی: ١١٠١ك وەفاتی کردووە)، شرح مختصر خلیل للخرشي، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الفکر بۆ چاپکردن – بیروت، بەبێ چاپ و بەروار، (٧/٤)، و زکریای کوڕی محمدی کوڕی زکریای أنصاری، (ساڵی: ٩٢٦ك وەفاتی کردووە)، أسنی المطالب فی شرح روض الطالب، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی الکتاب الإسلامی، بەبێ چاپ و بەروار، ( ٢٣٩/٣)، و ابن قدامة المقدسي، المغني، (٢٤٢/٧).

٥٣. ابن قدامة المقدسي، المغني، (٢٤٢/٧).

٥٤. ئیمامی شافعی ( ساڵی: ٢٠٤ك وەفاتی کردووە) ، الأم، لە بلاوکراوەکانی: خانەی المعرفة – بیروت، بەبێ چاپ، ساڵی بڵاوکردنەوە: ١٤١٠ك/١٩٩٠ز، ( ٢٠٨/٥).

٥٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو (، هەمان بەرگ و لاپەڕە).

٥٦. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا٨٤).

٥٧. بڕوانە: ئیبن کەثیر ، تفسیر القرآن العظیم، (٢٩٧/٢).

٥٨. ابن قدامة المقدسي، المغني، (١٩٥/٨).

٥٩. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا٥٥٩).

٦٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو، (لا٤٢٤).

٦١. صحیح مسلم، کتاب الحج، باب حجە النبی ( صلی الله علیه وسلم)، ژمارەی فەرمودە: ١٢١٨، (٨٨٦/٢).

٦٢. ئیمامی نەوەوی ( ساڵی: ٦٧٦ ك وەفاتی کردووە)، المنهاج شرح صحیح مسلم بن الحجاج، لە بڵاوکراوەکانی: خانەی إحیاء التراث العربی – بیروت، چ٢، ١٣٩٢ك، (١٨٣/٨).

٦٣. صحیح البخاری، کتاب النفقات، باب إذا لم ینفق الرجل فللمرأە أن تأخذ بغیر علمه ما یکفیها وولدها بالمعروف، ژمارەی فەرمودە: ٥٣٦٤، (٦٥/٧).

٦٤. أحمدی کوڕی علی ئیبن و حەجە ری عەسقە لانی شافعی، فتح الباری شرح صحیح البخاری، لە بڵاوکراوەکان: خانەی المعرفە- بیروت، ١٣٩٧، (٩/ ٥٠٨).

٦٥. ابن قدامة المقدسي ، المغني، (١٩٥/٨).

٦٦. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا٧٧).

٦٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، و هەمان لاپەڕە.

٦٨. بڕوانە: کاسانی، بدائع الصنائع، ( ٣٣٢/٢)، و محمد ی کوڕی أحمد ی کوڕی عرفە الدسوقی المالکی، حاشیە الدسوقی علی الشرح الکبیر، ( ٣٣٩/٢)، و زکریای کوڕی محمدی کوڕی زکریای أنصاری، أسنی المطالب فی شرح روض الطالب، (٢٣٢/٣)، و ابن قدامة المقدسي، المغني، ( ٨/ ١٩٥).

٦٩. سنن أبي داود، أبو داود سليمان ی کوڕی الأشعث ی سەجستانی ( ساڵی ٢٧٥ك وەفاتی کردووە)،لێکۆڵینەوە: محمد محيي الدين عبد الحميد، لە بڵاوکراوەکانی: المكتبه العصريه، صيدا – بيروت، كتاب النكاح، باب القسم بين النساء، ژمارەی فەرمودە: ٢١٣٣، (٢٤٢/٢). ئەم فەرمودەیە صەحیحە و ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. صحيح الجامع الصغير وزياداته، محمد ناصرالدين لألباني (ساڵی: ١٤٢٠ك وەفاتی کردووە)، لە بڵاوکراوەکانی: المكتب الإسلامی، ژمارەی فەرمودە: ٦٥١١، ( ١١١٠/٢).

٧٠. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا٩٩).

٧١. ئیمامی قورتوبی، الجامع لأحكام القرآن، ( ٥/ ٤٠٧).

٧٢. بڕوانە: گۆڤاری البحوث العلمية، گۆڤارێکی دەوریە سەرۆکایەتی گشتی ئیدارەی توێژینەوە زانستیەکان و فەتوا و بانگەواز و ڕێنیشاندان دەری دەکات، ( ١١/ ٣١٩). سەرچاوەی پێویستم لەبەردەست نەبوو بۆیە بەناچاری سودم لەم گۆڤارە بینی.

٧٣. مەلا محمد مەلا صالح، پوختەی تەفسیری قورئان، (لا ٢٧٤).

٧٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، (لا ٥٢١).

٧٥. دکتۆر وهْبَة مصطفى الزُّحَيْلِيّ، مامۆستاو سەرۆکی بەشی فیقهی ئیسلامی و أصولی فیقه لە زانکۆی دیمەشق- کۆلێجی شەریعە، الفِقْهُ الإسلاميُّ و أدلَّتُهُ، **لە** بڵاوکراوەکانی: خانەی الفکر- سوريَّە – دمشق، چ٤،( ٣/ ١٧٩٠).

٧٦. بڕوانە:نازەنین عوسمان

الخلاصة

يهدف البحث إلى كشف أهم الأسباب التي تؤدي إلى خلق التنازع بين الزوجين، وإيجاد حله وعلاجه في الفقه الإسلامي وذلك بتقديم الكثير من الأدلة من القرآن والسنة وأقوال الفقهاء من المذاهب الأربعة. ويتكون البحث من ثلاثة مباحث، في المبحث الأول يشير الباحث إلى أهم الأسباب التي يشترك فيها الزوجان لخلق التنازع بينهما مع إيجاد الحل لهذا التنازع، وفي المبحث الثاني يتكلم الباحث عن الأسباب التي تؤدي إلى خلق التنازع بين الزوجين، و يكون الزوج وحده سببا رئيسا لخلق هذا التنازع مع إيجاد الحل له، ثم في المبحث الثالث يتطرق الباحث إلى ذكر أهم الأسباب التي تؤدي إلى خلق التنازع بين الزوج الكوردي والزوجة الكوردية، وفي نهاية البحث توصل الباحث إلى أن التنازع بين الزوجين شيء طبيعيٌّ لابد منه، ويمكنه حله بالتفاهم بينهما، واتضح للباحث أن بعض الأسباب التي تؤدي إلى خلق التنازع بين الزوجين متعلقة بالزوج دون الزوجة. واعتمد الباحث في كتابة بحثه على العديد من الكتب القيمة من المصادر القديمة والحديثة، واعتمد أيضا على استقرائه لكشف بعض التنازع بين الزوجين.

Abstract

The research aims to uncover the most important reasons that lead to the creation of conflict between the spouses, and find a solution and treatment in Islamic jurisprudence by providing a lot of evidence from the Koran and Sunnah and the sayings of the scholars of the four sects. The research consists of three topics, in the first section refers to the most important reasons that the couple share to create conflict between them with finding a solution to this conflict, and in the second section discusses the reasons that lead to create conflict between the spouses, and the husband alone is a major reason for creating this Conflict with finding a solution, and then in the third section discusses the researcher to mention the most important reasons that lead to the creation of conflict between the Kurdish husband and the Kurdish wife, and at the end of the researcher concluded that the conflict between the spouses is a natural thing must, and can be resolved by understanding between them, and the researcher found that Some of the reasons that lead To create conflict between spouses related to the husband without the wife. The researcher relied in writing his research on many valuable books from ancient and modern sources, and also relied on extrapolation to reveal some conflict between the spouses.